خەباتی گەلی کورد

لە یاداشتەکانی
ئەحمەد تەقیدا

ڕێکخستن و ئامادەکردنی
جەلال تەقی

هەواڵنامەی کتێب

مەڵبەندی کوردۆلۆجی

هەرێمی کوردستان
سەرۆکایەتیی زانکۆی سلێمانی
مەڵبەندی کوردۆلۆجی

❖ ناوی کتێب: خەباتی گەلی کورد لە یاداشتەکانی ئەحمەد تەقیدا
❖ ڕێکخستنو ئامادەکردنی: جەلال تەقی
❖ دیزاین و سەرپەرشتیی چاپ: بریار فەرەج کاکی
❖ بەرگ: کەمال عەلی
❖ ژمارەی سپاردن: ٢٠١١/١٥١٥ی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکانی پێدراوە
❖ چاپخانە: ڕەنج
❖ تیراژ: ١٠٠٠ دانە
❖ نرخ: ٢٠٠٠ دینار
❖ زنجیرە: ٥٨

هەواڵنامەی کتێب

ناونیشان: سلێمانی، کانی ئاسکان، شەقامی: ٣،
ژمارەی خانوو: ٢، ژ.پۆست:٩٥، تەلەفون: ٣١٢٣٠٩٣
www.kurdology.com
kteb@kurdology.com

خەباتی گەلی کورد لە

یادداشتەکانی

« ئەحمەد تەقی »دا

ڕێک خستن و ئامادە کردنی بۆ چاپ

جەلال تـەقی

هەواڵنامەی کتێب

« لایەرەیەک لە شۆرشەکانی شێخ محمود ، سمکۆ
هەستانەکەی رەواندز و پەیوەندی بە وولاتانەوە »

لەسەر ئەرکی کاک فەهمی قەفتان لەچاپ دراوە

چاپخانەی (سلمان الاعظمي) – بەغدا

هەواڵنامەی کێژ

ناوەڕۆك

بابەت	ژ. لاپەڕە
پێشەكی	٩
سەرەتا	١١
كورد لەسەرەتای جەنگی یەكەمدا	١٣
شەڕی دەربەندی بازیان	٢٣
بۆچی كوردەكان توركەكانیان هێنایە رەواندز	٢٧
چوونم بۆ وان	٣٥
رەواندوز مەفرەزەكەی تورك	٣٩
گەڕانەوەی شێخ محموود پەیوەندی لەگەڵ ئۆزدەمیردا	٤٧
چوونم بۆ ئەنقەرە و بیروڕای كوردەكانی ئەوێ	٥٧
بزوتنەوەی مستەفا كەمال	٥٩

چەند وشەیەك دەربارەی ئەم نووسراوە

ئەوەی لە سەرەتای نووسراوەکەی مامە سالحمامیژووی گەلی کورد وتم ئیستەش هەر ئەوە دووبارە ئەکەمەوە، کە لەناو سەر و دەروون و سنگی ئەوانەی میژووی نزیکی گەلی کوردو رووداوەکانیدا بەشداریان کردووە، ئەوەندە مەتریالی بەنرخ هەیە، ئەگەر بخریتە سەر کاغەزو بکەویتە بەردەست، ئەوە ئاسۆیەکی نویی فراوان لە بەردەم نووسینەوەی سەرلەنویی میژوویی نزیکی گەلی کورد ئەکاتەوە. جا ئەم نووسراوەش شتیکە وا، زۆر مەتریالی نویمان دەربارەی ئەو رۆژە پڕ رووداوانەی دوای شەڕی گیتی یەکەم ئەخاتە بەردەم. زۆر کون و قوژبنمان بۆ روون ئەکاتەوە، کە هەتا ئەمڕۆ وەها ئاشکرا روون نەکراوەتەوە. لەپیش هەموو شتیکدا جاریکی ئەو راستیە ئەخاتە بەردەم هەمووان، کە ئیمپریالیستی ئینگلیزی قەت پشتی گەلی کوردی نەگرتووە و ئەوەی لە سەرا نەبووە دەستی یارمەتی بۆ دریژ بکات. هەتا ئیستە هەن وا ئەزانن، کە ئینگلیز ویستوویەتی شتیك بۆ کورد خۆی تیی ئەهینا. لەم نووسراوەدا ئەم سیاسەتە دوو روویەکی ئیمپریالیستی ئینگلیزمان بۆ ئەخاتە روو، ئەوەشمان لاروون ئەبیتەوە، کە ئیمپریالیستی هەمیشە دوژمنی هەرە گەورەی گەلی کورد بووەو بەرژەوەندییەکانی قەت لەگەڵ بەرژەوەندی بزووتنەوەی رزگاری گەلی کوردا یەکینەگرتوەتەوە، هەروەها ئەوەش دەرئەکەوێ، کە شیخ مەحموود دوژمنی ئینگلیز بووە و چارەیانی نەویستوەو هەستی بەفڕوفیلیان کردووە و زانیویەتی یاری لەگەڵ ئەکەن، بەلام چاری ناچار بووە، چونکە هیچ کوییەکی تر نەبووە پشتی پێ ببەستێ و پەنای بەریتە بەر. شیخ مەحمود هەتا ما هەر دوژمنی ئینگلیز بوو، باشترین بەلگە ئەو نامەیەتی، کە بۆ قازی محەمەد سەرۆکی کۆماری مهابادی نارد بە بۆنەی دروستبوونی کۆمارەکەوە، کە تیایدا ئەنووسێ: سیاسەتە میکیافیلیەکەی ئیمپریالیستی ئینگلیزی دەربارەی گەلی کورد لەسەر ئەو رێ و شوینە نەخشە کرابوو، کە بزووتنەوەی رزگاری کورد و گەلی کورد هەمیشە بێ هیزو لاوازو پارچە پارچە بیت، هەتا قەت نەچیتە ریگای یەکگرتن و ئەو هیزو توانایەی لێ دروست بێ سەرکەوێ و دژی بوەستێ و لەرێ بەرژەوەندیەکانیا ببیتە کۆسپیکی گەورە.

هەروەها ئەم نووسراوە گەلیك شتی تریشمان بۆ روون ئەکاتەوە، ئەوەش بیروڕاو هەست و نەستی سەرکردەکانی کوردە، کە لەو رۆژانەدا میژووی نزیکی کوردیان دروست ئەکرد. چوونی نووسەر بۆ ناو عەشیرەتە کوردەکان، هەروەها بەشداربوونی لە بزوتنەوەکەی رەواندزو پەیوەندی لەگەڵ شیخ مەحموودو سمایل ئاغای سمکۆ و بنەماڵەی شەمدینان و بەدرخان و بگرە پەیوەندی لەگەڵ کاربەدەستانی تورك و رووس، دەرخستنی بیروڕای ئەمانە بەگشتی، ئەمە بەراستی نرخیکی گرنگ ئەدا بەم نووسراوە. خۆزگە هەموو ئەو کەسانەی رۆژانی خۆی بەشداری ئەم رووداوە گرنگانەی کەم و زۆر کردووە دریغی نەکا و چی لە بیرماوە بیخاتە سەر کاغەز و بلاوی بکاتەوە، هەتا ببیتە سامانیکی ترو لەسەر رێ وشوینی جاریکی تر بتوانرێ سەرلەنوێ بزوتنەوەی کورد لەو دەمەدا بنووسرینەوە.

دکتۆر کاوس قەفتان

بەغدا- مارتی ١٩٧٠

پێشەکی

ئەحمەد تەقی، کە لە ١٩٦٠/١/١٣دا فەرمانی خوای بەجێهێنا، دوو دانە لە یاداشتە دەست — نووسەکەی بەجێ مابوو، یەکێکیان پەڕاوێکی بژارەکراوی ئامادە و ئەوی تریان یەکەم دەست- نووسی، یان بابڵێین یەکەم مسوەدە، کە لەسەر چەند پەڕەیەکی جیاجیا نووسیبوویەوە، داخی گرانم لە ١٩٦٤دا و لەبەر نەبوونی یەکێکی وا لە ماڵەکەدا، کە پارێزگاری بکات لەگەڵ زۆر پەراوی بەنرخی تردا، دانە ئامادەکراوەکەی فەوتابوو. باش بوو پێش ڕۆیشتنم بۆ دەرەوەی عێراق لە کۆتایی ١٩٦٠ دا پەڕەپەڕەکەیانم خزانبووە کونە دیوارێکەوە و سواغم دابوو، و بەمە لە لەناوچوون ڕزگاری بوو بوو.

خوالێخۆش بوو وەك خۆی لە سەرەتاکەیدا ئەڵێ: ئەم یاداشتەی بۆ ئەوە نەنووسیوەتەوە، کە لە چاپی بدات، بەڵکو پتر بۆ ئەوە بووە، کە مامۆستا ڕەفیق حیلمی لە نووسینەوەی یاداشتەکانی خۆیدا دەربارەی شۆڕشەکانی شێخ مەحموود کەڵکی لێ وەربگرێ- لە کاتی خۆیدا دانەیەکیشی پێشکەش بە مامۆستای خوالێخۆش بوو ڕەفیق حیلمی کردبوو- لەبەر ئەوەی، کە پلەی خوێندنەوەی کوردی ئەحمەد تەقی پلەی خوێندەواری ئەو کاتەبووە، کە تیایدا ژیاوە ئەویش بەهەمان شێوە نووسیویەتی.

لەبەرئەوە لە کاتی ئامادەکردنی ئەم یاداشتەدا بۆ لە چاپدان زۆر بە پێویستم زانی، کە بیخەمە سەر شێوەی نووسینی تازەی کوردی، بە تایبەتی لە ئیملادا، هەرچەندە هەندێ کەسیش لەسەر ئەو بیروڕایە بوون، کە وەك خۆی بمێنێتەوە باشترە، بەڵام چونکە پێشکەوتن و پەرەسەندنی نووسینی تازەی کوردی لەگەڵ جۆری ئەو نووسینانەدا ناگونجێ، لەبەرئەوە بیروڕای گۆڕینی بۆ شێوەی تازە بەسەر بیروڕای هێشتنەوەیدا وەك خۆی زاڵ بوو، هەرچەندە بە پێی تواناش هەوڵ دراوە، کە پارێزگاری جۆری داڕشتنی ڕستەکان و قسە ڕاستەوخۆی پێشەواکانی وەك سمکۆ و شێخ مەحمود بکرێ. هەروەها بۆ ئەوەی، کە خوێندەواری بەرێز لە جۆری نووسینی خوالێخۆش بوو شارەزابێ —، کە

ئەمەش تا رادەیەك ئەبێتە هۆی شارەزا بوون لە شێوەی نووسینی ئەو کاتە بە تێکڕایی، یان راست تر، شێوەی نووسینی پیاوانی پەروەردەکراو بە وێژەی ئەو کاتە- لەبەر ئەمە دوا بەشی یاداشتەکە بەبێ گۆڕینی شێوەی نووسینی و هەتا ئیملاکەشی، چۆن خۆی نووسیویەتیەوە هەر بەو جۆرە خرایە بەر چاو.

لێرەدا بەپێویستم نەزانی، کە من لە ژیانی خاڵە ئەحمەدم بکۆڵمەوە، چونکە وەکو خۆی لە سەرەتاکەیدا ئەڵێ: ئەو رووداوانەی پەیوەندی هەبێت بە ژیانی گەلەوە زۆر لەوە بەنرخترە، کە باسی ژیانی یەکێك بکات. هەروەها گرنگترین رووداوی ژیانی ئەو ئەوانەیە، کە لەم یادداشتەدایە و پەیوەندی بە شۆڕشەکانی شێخ مەحمود و رەواندز و سمکۆوە هەیە. ئیتر بێجگە لەمانە هەرشتێکی تریشی بەسەر هاتبێ دوورە لە رووداوە مێژوویەکانەوە و پێویست بە نووسین ناکات.

خوالێخۆشبوو زۆر کارەساتی خوێنینی گەلەکەی دیبوو، بە رادەیەکی وا، کە مەئیوس بوو بوو لەوەی گەلەکەی بگاتە ئامانج، هەتا زۆر جار بەداخ و خەفەتەوە، کە ئەم باسانەی ئەگێڕایەوە، ئەیوت: بەداخەوە ئەو هەلانەی دەست کورد کەوتبوون نەتوانرا بەکار بهێنرێ، تازە زۆر زەحمەتە هەلی تری وای دەست بکەوێ. دیارە مەبەستی لەمە زیاتر لەو هەلانە بوو، کە دەست شێخ مەحموود کەوتبوو، لەم یاداشتەشدا روونی ئەکاتەوە، کە هەڵە بەتەنها هەڵەی شێخ نەبووە و زۆر لانی تریش لەم هەڵانەدا بەشدار بوون.

ئەحمەد تەقی پیاوێکی خێرەومەند و دڵ ساف بوو. بەدرێژایی ژیانی دڵی کەسی نەشکاندووە، و بەپێی توانا یارمەتی هەموو کەسێکی داوە. یادی بەخێر بێ و جێگای بەهەشت بێ.

جەلال تەقی

بەغدا-١٩٧٠/٢/٢٦

هەواڵنامەی کتێب

سەرەتا

مامۆستای بەرێز و زاناو دۆستی دێرینم رەفیق حیلمی بەگ لە ١٩٥٤دا نامەیەکی پڕ دڵسۆزی بۆ ناردم و داوای لێ کردم، کە هەندی زانیاری دەربارەی وەزعی کوردستان و سلێمانی لەپێش شۆڕشەکانی شێخ مەحمودی قارەمان و لەکاتی شۆڕشەکەیدا بۆ بنێرم. زۆریشی هاندام، کە دەستبکەم بە نووسینەوەیەکی تەواوی ئەو کارەسات و رووداوانەی، کە خۆم ئاگام لێی بووە. فەرمووشی، کە خەریکی ئامادەکردنی یاداشتەکانی خۆیەتی بۆ بە چاپدان.

لە راستیدا من لە دەمێکەوە ئەمویست ئەم شتانە بنووسمەوە، بەڵام هەر ئەوەندەت ئەزانی وازم لێ ئەهێنا و تەواوم نەئەکرد هەتا ئەو نامەیەی مامۆستای بەرێزم بەجۆرێك هانیدام، کە بە گەرمی دەست بکەم بە نووسینەوەی ئەو شتانەی دەمێك بوو لە مێشکمدا پەنگی خواردبووەوە. لە ماوەیەکی کەمدا تەواوم کردو دانەیەکیشم بەپێی داواکردنی خۆی بۆ مامۆستا رەفیق بەگ نارد. لە راستیدا من ئەم یادداشتانەم بۆ ئەوە نەنووسیوەتەوە، کە رۆژێك لە رۆژان بڵاوبکرێتەوە، من و ئەمە کوجا مەرحەبا! زیاتر بۆ ئەوەم بوو، کە ئەگەر نرخێکی مێژوویی ئەوتۆی هەبێ با مامۆستا رەفیق حلمی کەڵکی لێ وەربگرێ[1].

زۆر کەس داوام لێ ئەکەن، کە بە درێژی باسی ژیانی خۆم بکەم، ئەمە شتێکە زۆر پێویستە؟ بە بیروڕای من نەء! چونکە ئەو رووداوانەی، کە پەیوەندی هەبێت بە ژیانی گەلەوە زۆر لەوە بەنرخترە، کە باسی ژیانی یەکێك بکات. لەگەڵ ئەوەشدا رووداوێکی سەیر لە ژیانی خۆمدا باس ئەکەم و هیچی تر.

---

[1] مامۆستا رەفیق حیلمی لە بەشی شەشەمی یادداشتەکەیدا ١٩٨٥-بەغدا کەڵکێکی زۆری لێ وەرگرتووەو زۆرشتی بە یارمەتی یادداشتەکەی ئەحمەد تەقی روون کردۆتەوە.   ج. تەقی

وەك زۆربەی لاوانی ئەو سەردەمە لەناو خێزانێکی دینداردا پێگەیشتبووم و ئارەزووی خزمەتی دینم ئەکرد، هەر ئەمەش بوو، کە وای لێ‌کردم لەگەڵ چەند دۆستێکمدا شار بەجێبهێڵین و لەگەڵ دەروێشەکانی شێخدا بچینە خەڵوەتەوە و ماوەی چل ڕۆژ دوور لە ئاوەدانی و شارستانی، زیکری خوا بکەین و شەو و ڕۆژ بە تەزبیحات کردن و لا الە الا الله بەرینە سەر. نازانم دەرویشەکانی دۆستم چی خێرێکیان لە جەنابی شێخ عبدوالکریم دی و چی چاکەیەکیان بەخوا گەیاند، بەڵام ئەوەی باشی ئەزانم ئەوەیە، کە ریخۆڵەکانم هەمووی بە ماشێنەو نسکێنە خوسایەوە، چاوەکانم بەهۆی نەبینینی تیشکی ڕۆژەوە کەوتنە ڕەشکەوپێشکە کردن و هەرئەوەندەی مابوو، کە لەشم کەڕوو هەڵێنێ، کە هاتمەوەماڵەوە و دایکم بینی برۆ درێژەکانم چنگە تێیداوە، کەوتە قژ رنینەوە و زریکە کردن. ئەمە بوو هەموو ئەو کەڵکەی لە خەڵوەتی شێخ وەرمگرت، هەر ئەمەش بوو کە وای لێکردم زیاتر دووی کلاوی بابردوو نەکەوم. زۆر کەس وایان لێکئەدایەوە، کە وازم لە دین هێناوە، بەڵام ئایا واز لە خەڵوەتی تاریك هێنان ئەوە ئەگەیەنێ، کە پیاو کافر بووبێ؟ ئەوەی وا تێئەگات گەردنی ئازاد بێ.

هەرچەندە وازم لە خەڵوەت هێنا، بەڵام لە دڵدا خواپەرستیی خۆم هەر کردووە و هەر ئەیکەم و کوڕنووش بۆ ئەو هێزە ئەبەم، کە هەموو زیندوو و مردووی دروستکردووە.

ئەحمەد تەقی

سلێمانی ١٩٥٥

هەولنامەی کتێب

کورد لە سەرەتای جەنگی یەکەمدا

لە شەڕی جیهانی یەکەمدا، واتا لە ١٩١٤دا بە ئۆردووەکەمانەوە چووین بۆ سوریا و لەوێشەوە بۆ وان و ئەرزوڕۆم و هەتا شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ ماینەوە. لەو ساڵەدا، پاش سەرکەوتنی شۆڕشەکەی رووسیاو بەجێهێشتنی هەموو ناوچەکانی تورکیا و قەفقاس لەلایەن لەشکری رووسەوە، سوپای تورکیا کەوتە پەلاماردانی ئەرمەنیەکان، کە تەنیا لەشکری چەکدار بوو لەو ناوچانەدا پاش لەشکری رووس مابوونەوە، ئەوەی شیاوی باسە ئەوانیش هەر بە چەکی رووس پڕ چەك کرابوون. لە هەموو لایەکەوە لەشکری ئەرمەنی شکاو گەڕایەوە دواوە، هەموو ناوچەکانی تورکیاو ئازربایجانی رووسی و تفلیس لەلایەن لەشکری تورکەوە داگیرکرایەوە.

لە ناوچە موسڵمانەکانی ئێرە لەژێر فەرماندەی نوری پاشای برای ئەنوەر پاشادا ئیسلام ئۆردووسی دروستکرا، بەو نیازەی، کە ئەم لەشکرە گەورەیە لە ئێرانەوە پەلاماری ئینگلیزەکان بدات و بەغدا بسەندرێتەوە. بەڵام لە ١٩١٨دا بولغاریا خۆی دا بەدەستەوە و محوەر شکا و پاش موتارەکە هاوپەیمانەکان چوونە ئەستەموڵەوە، ئیتر لەشکری تورك بەرەڵایی تێکەوت و هێزی نەما، پاش ئەمەش دووبارە دەسەڵاتی ئینگلیز گەڕایەوە قەفقاس.

لەم کاتەشدا، کە ئۆردووەکەی ئێمە گەیشتبووە باتومی[١] خۆی دا بەدەستەوە و چەکی بۆ ئینگلیزەکان دانا. تابووری ئێمەش، کە زوربەی خەڵکی سلێمانی بوو لە باتوومیەوە بەرەو ئەستەموڵ گەڕایەوە و لە قشڵەی سەلیمی لە ئەسکدار دابەزین.

لە ئەستەموڵ، واتا پایتەختی خەلافەت، هەموو شتێك کەوتبووە ژێر دەستی هاوپەیمانەکانەوە و حوکومەتی تورکیا هەر ناوی مابوو، بەرادەیەکی وا، کە گەڕانەوەی ئێمەش بۆ عێراق ئەبووایە بە پرسی ئینگلیزەکان بووایە. بەم جۆرە لە قشڵەی سەلیمی ماینەوە.

---

[١] ئێستا باتوومی ئەکەوێتە یەکیەتی سۆڤێتەوە. ج. تەقی

هەواڵنامەی کتێب

ڕۆژێك لە ئەسكەدارەوە بەرەو ئەستەمولّ سواری پاپۆڕ بووین. لە پاپۆڕەكەدا لەگەڵ جەنابی تۆفیق بەگی مەحمود ئاغا، واتا پیرەمێردی خوالێخۆش بوودا یەكترمان ناسی، كە ئەویش بەرێكەوت ئەو گەشتەی ئەكرد، كە زانی ئێمە خەڵكی سلێمانین و لە سوپا مەرەخەس كراوین و چاوەڕێی ئەوەین ئینگلیز ڕێگەمان بدات بگەڕێینەوە وولات، كەوتە گفتوگۆ دەربارەی كۆمەڵەی كورد، كە لە ئەستەمولّ بە سەرۆكایەتی شێخ قادری نەهری دروستببووبوو، وتیشی، كە ئەو- واتا شێخ قادر- رەنگە بتوانێ چارێكی گەڕانەوەمان بكات و داوای لێكردم، كە بچمە خزمەتی.

بۆ ڕۆژی دوایی من بەناوی هاوڕێكانمەوە چوومە خزمەت شێخ، پاش گفتوگۆیەكی كەم بڕیاری دا، كە هەولّمان بۆ بدات و مۆڵەتی گەڕانەوەمان بۆ بخوازێ، هەروەها داواشی كرد پێش گەڕانەوەمان چاوی پێمبكەوێتەوە، چونكە ئیشی پێمە.

پاش چەند ڕۆژێك بڕیاری گەڕانەوەمان لە ڕێگای ئەدەنەوە دەرچوو، كە چوومە لای شێخ قادر فەرمووی، لە سلێمانی ئینگلیزەكان بە سەرۆكایەتی شێخ مەحمود ئیدارەیەكی كوردیان پێكهێناوە و بەڵێنی دامەزراندنی حوكومەتی كوردستانیشیان بەئێمە داوە. بەڵام وا دیارە و هەموو نیشانەیەك ئەوە ئەگەیەنێ، كە لەگەڵ شێخ مەحمودا كەوتوونەتە فڕوفێڵ، هەروەها لەگەڵ ئێمەشدا بەراستی نایەنە پێشەوە، لەبەر ئەمە بە شێخ مەحمود بڵێ، هەتا لە توانایدا هەیە جارێ لەگەڵ ئینگلیزەكاندا ئیدارە بكات، هەتا بزانین لە ئەنجوومەنی جیهانیدا دەربارەی كوردستان چی بڕیارێك ئەدرێ. هەروەها نامەیەكیشی دامێ بۆ جەنابی شێخ مەحمود.

لە گفتوگۆكەماندا عەرزی جەنابی شێخ قادرم كرد، بە بیروڕای من نابێ هیچ دڵێك بە ئەنجوومەنە جیهانیەكان ببەستین، چونكە هەموو بەڵگە و نیشانەكان وا ئەگەیەنن، كە كەس دڵی بە كورد ناسووتێ و تەنها ئەبێ بە چالاكی خۆمان شتێكمان دەستگیرببێ. فەرمووی ئەمە راستە، بەڵام بۆ گەلێكی بێ كەسی وەك ئێمە، كە جارێ خۆمان هیچمان پێ ناكرێ باشترە وا لە لایەك بكەین پێمان بگەیەنێ! عەرزی كرد ئەمیش راستە بەڵام چاكتر وایە خۆمان زوو نەدەین بەدەست هیچ لایەكەوە، چونكە هەر كە زانایان شل بن، ئیتر بەبێ دەسەڵاتمان تێ ئەگەن و ئەیانەوێ مەرجی خۆیانمان بەسەردا بسەپێنن.

وەلحاسڵ قسەمان زۆر كرد، لە زۆر شتدا بیروڕامان جیاواز بوو، لە زۆر شتیشدا ڕێكەوتین، بەتایبەتی گرنگیمان دا بەوەی، كە پێویستە شێخ مەحمود هەتا ئەتوانێ جارێ

لەگەڵ ئینگلیزدا هەڵبکات، چونکە تازە تووشیان بووە و چاری کورد ناچارە. خۆ ئەگەر ئینگلیز لە پاشەڕۆژدا نیازیان باشتر بوو، هەروەها بەراستی ویستیان یارمەتی کورد بدەن، ئەوا هەتا سەر پێویستە لەگەڵیان بمێنینەوە، چونکە با ئەوانیش مەرجی خۆیان دابنێن ئەگەر بەراستی کەڵکی کوردستانیان بوێ، ئەوا ئێمەش کەڵك بەوان بگەیەنین زیانی چیە؟

* * *

لەکاتی گەڕانەوەماندا لە ئەدەنە و حەلەبەوە، من لە موسڵ نەخۆش کەوتم و لەگەڵ چەند هاوڕێیەکمدا لەوێ ماینەوە. پاش چاکبوونەوەم گەڕامەوە بۆ سلێمانی و باری شار باش نەبوو. لە مزگەوتی گەورە هەواڵی شێخ مەحمودم لە جەنابی مامۆستا مەلا حەمە ئەمین پرسی، فەرمووی، کە ئێستا لەگەڵ مێجەر گرینهاوسی راوێژکەری ئینگلیزدا پەیوەندی باش نیە و مێجەر دەربارەی شێخ بیروڕای خراپە.

بۆ بەیانی چوومە خزمەتی شێخ مەحمود، نامەکەی شێخ قادرم دایە و راسپاردەکانم پێ ووت. فەرمووی: ئەویش لەگەڵ ئەو بیروڕایەدایە، کە لەگەڵ ئینگلیزەکاندا بگونجێت و تاڕادەیەکی زۆر بێ دڵییان نەکات، بەڵام ئەوان هەر بەهانەی پێ ئەگرن و هەوڵی دەستکورت کردنەوەی ئەدەن، لەبەرئەوە دڵی لێیان کرمێ بووە. وتیشی، کە تێناگات بۆچی ئینگلیز کردەوەی وایە.

بەڵام ئاشکرایە، کە ئینگلیز هەر لە سەرەتاوە نیازی باش نەبووە، بۆیە تەگەرەی خستۆتە هەموو شتێکەوە، کە کەڵکی نەك هەر کورد، بەڵکو هەموو گەلانی بەش خوراویشی تێدابووە.

پاش ئەمە لەگەڵ شێخدا دەربارەی باری تورکیا و خەلافەت زۆر دواین.

بۆ ئەوەی بەتەواوی دەربارەی دەوری جەنابی شێخ مەحمود بزانین، بە باشی ئەزانم، کە کەمێك لەبارەی ژیانیەوە بنووسم.

شێخ مەحمود کوڕی شێخ سەعیدی حەفیدی کاك ئەحمەدی شێخی کوڕی شێخ مارفی نۆدێیە، کە یەکێك بوو لە زانا مەزنە ئاینییەکانی کوردستان. هەرچەندە شێخ مارف پتر خزمەتی زمانی فارسی و عەرەبی کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا جێگای شانازیەکی گەورەیە بۆ گەلی کورد.

ئەم خێزانە خانەدانەی شێخ مەحمود پتر لە ١٥٠ ساڵە لە کوردستاندا ناوبانگیان بڵاوە و جێگایەکی تایبەتیان هەیە. هەموو گەلی کوردستانی ناوچەی سلێمانی و بەتایبەتی لە لادێکاندا بەچاوی ڕێزو پیرۆزەوە تەماشای هەموو وەچەیەکی شێخ مارفیان کردووە. لەبەر ئەمەش بوو، کە هەر لە منداڵیەوە شێخ مەحمود جێگایەکی گرنگی لە دڵی هەمووواندا گرتبوو، بەتایبەتیش، کە هەر لە منداڵیەوە ئازایی و چالاکی و زیرەکی نواندبوو.

نەوەکانی شێخ مارف نەك هەر لەناو کوردستاندا ڕێزیان ئەگیرا، بەڵکو لەلایەن کاربەدەستانی عوسمانیشەوە حسابیان بۆ ئەکرا، بەرادەیەکی وا، کە سوڵتان عەبدوالحەمیدی دووەم شێخ سەعیدی حەفیدی بەمیوانی بانگکرد بۆ ئەستەموڵ، شێخ مەحمودیش، کە هێشتا منداڵ بوو، لەم گەشتەدا بەشداری کرد. هیچ دوور نیە، کە هەر لەو کاتەوە و پاش بینینی ژیانی شاهانەی سوڵتان بیری پاشایەتی و دەسەڵاتداری کەوتبێتە مێشکەوە.

نەریت و عاداتی کورد ناگۆڕێ و هەروەك خۆی ئەمێنێتەوە، بۆیە کە پاش گەڕانەوەی شێخان لە ئەستەموڵ دیان ئەستێرەیان نەك هەر لە بەرزیدایە بەڵکو تەنانەت سوڵتانیش دڵنەواییان ئەکات، هەموو کەوتنە کوڕنووش بۆ بردنیان و بە هەموو جۆرێك کەوتنە خزمەت کردنیان، ئاغاو بازرگانە دەوڵەمەندەکانی لێ دەرچێت، کە لە ژێرەوە ناحەزیان بوون، چونکە دەسەڵاتیان بەهۆی بەرزبوونەوەی شێخان ئەکەوتە مەترسیەوە. هەموو وڵات بەسەرزارەکی بوون بە دۆستیان، هیچ دووریش نیە زوربەیان هەر لەبەرئەوە بووبێ، کە کەڵکیان لێ وەربگرن.

ئەمەش زۆر بە ئاشکرا هەر لە یەکەم ئاوابوونی ئەستێرەی بەختی شێخان دەرکەوت. ئەوەبوو، کە لە ساڵی ١٩٠٨دا سوڵتان عەبدولحەمید لابرا و لە سلێمانی لقی کۆمەڵەی ئتیحاد و تەرەقی لە ئاغاو تاجر و زابتە ناحەزەکانی شێخ سەعید دامەزرێنرا، کەوتنە دوژمنایەتی لەگەڵیاندا و بە فیتنە و فزوولی وایان لە حوکومەت کرد لە سلێمانی بەدەست بەسەری بەرەو موسڵ دەریانپەڕێنێ. ئەمەش ئەتوانم بڵێم، کە سەرەتای چارە رەشی و بێبەختی بوو، کە لەوەپاش تووشی شێخان بوو.

ناحەزانی شێخ سەعید بەمە وازیان نەهێنا، لە موسڵیش کەوتنە بڕوبیانوو دۆزینەوە و پیلان دانان، بەجۆرێکی وەها، کە لە دووەم ڕۆژی جەژنی قوربانی ساڵی ١٩٠٨دا بە

تەگبیرێکی چەپەڵانە، کە زەکی پاشای والی موسڵیش بەشداری تێدا کرد، کە خۆی یەکێك بوو لە ئەندامانی کۆمەڵەی اتحاد و ترقی و لە ئەنجامدا خەڵکی موسڵ پەلاماری درندانەی شێخانیان داو بە یارمەتی کاربەدەستان و پۆلیسی حوکومەت کوشتارێکی زۆریان لێکردن. شێخ سەعید و شێخ ئەحمەدی کوڕیشی لەناو کوژراوەکاندا بوون.

م٢/ یادداشتەکان

زۆر کەس ئەیەوێ تاوانی هەڵگیرسانی ئەم ئاژاوەیە بخاتە ئەستۆی شێخان خۆیانەوە و دەوری پیلانگێڕ و ناحەزەکان بشارێتەوە، کە گوایا یەکێك لە خزمانی[1] شێخ سەعید بەسەرخۆشی لە کۆڵانێکی موسڵدا تەقە لە ئافرەتێکی موسڵاوی ئەکات و ڕێگای پێ ئەگرێ و شەڕەکە لەسەر ئەمە هەڵئەگیرسێ، کە گوایا بۆ کڕینەوەی حەیای خۆیان موسڵاویەکان پەلاماری کوردە غەریبەکەیان داوە. بەڵام ئاشکرایە ئەمە کارێکی دەستکرد و ڕێکخراو بوو، ئەگینا ڕێی تێئەچێ خزمێکی شێخان بتوانێ بەسەرخۆشی لەگەڵ شێخ ئەحمەد و شێخ مەحمودا بڕوا، بێجگە لەمەش توانج بگرێتە ئافرەت. هیچ گومانی تێدا نیە، کە نەك کەس بەسەرخۆشی لەو کاتەدا نەیاتوانیوە لە حوزوری شێخدا بوەستێ بەڵکو ئەگەر خواردبیشیانەوە نەیانهێشتوە شێخان بەهیچ کولۆجێك پێبزانن.

ئاشکرایە، کە ئەم قەلاچۆ تێخستنەی کوردەکان لە موسڵ بە تەگبیری کاربەدەستانی شارەکە بووە، ئاشکراترین نموونەش بۆ ئەمە ئەوەیە، ئەو خزمەی شێخان، کە گوایا توانجی لە ئافرەتەکە گرتبوو نەکوژراوە، کە ئەبووایە لەپێش هەموویاندا ئەو لەناوببرایە.

بەم قەسابی کردنی کوردانە، واتا بە کوژرانی شێخ سەعید و هاوڕێکانی، شێخان لەناو خەڵکدا پتر ڕێزیان پەیداکرد و بوونە تیشکێکی ڕووناککەرەوە بۆ هاندانی زۆر لە کوردەکان، کە بیرێك لە پاشەرۆژی خۆیان بکەنەوە و دۆست و دوژمنیان بناسن. بەڵام

---

[1] بەپێی قسەی مامۆستا رەفیق حلمی لە بەی یەکەمی یاداشتەکەیدا ئەو پیاوە خزمی شێخان نەبوە بەڵکو بەها ئەفەندی کوڕی عبداللە ئەفەندی حاجی ابراهیم ئەفەندی خەلکی کفری هاوڕێیان بووە کە ئەو کاتە باشکاتبی ئینحساری موسڵ بووە لەبەر ئەوەی ئەحمەد تەقی ناوی تەواوی ئەو کابرایەی نەهێناوە زیاتر رێی تێدەچێتکە گێرانەوەکەی رەفیق حلمی راستتر بێ.

بەداخەوە ئەمە هەر لە سنووری بیرکردنەوەدا مایەوە و هەتا ئێستاش دۆست و دوژمنان لێك ناكەینەوە.

پاش كوشتارە خوێناویەكەی موسڵ بە بیانووی ئەوەوە، كە ژیانی ئەوانەی ماون بپارێزرێ، شێخ مەحمود و زوربەی تری شێخان، كە لە موسڵ بوون دەستبەسەركران و نەهێڵرا بگەڕێنەوە سلێمانی، بەڵام، كە حوكومەت زانی خەریكە كار لە كار بترازێ و عەشایەرە كوردەكان نیازی پەلاماردانی موسڵیان هەیە، ناچار بەریاندان و بەرەو سلێمانی گەڕایەوە. ئەو پێشوازیەی، كە كران مەگەر هی حەزرەتی عەلی كرابێ پاش گەڕانەوەی لە غەزاكانی، هەروەها ئەو شیوەنەی، كە بۆ شەهیدەكان تازەكرایەوە مەگەر لە مانگی موحەڕەمدا بۆ حەسەن و حسێن كرابێ.

ئا ئەمە بوو باری شێخان پێش هەڵگیرسانی شەڕی جیهانی یەكەم. ئەم كارەساتەش بوو بەهۆی ئەوەی كە دووبارە ئەستێرەی شێخان گەش و روون ببێتەوە و دووبارە هاوكار و دڵسۆزیان زیادی كرد.

پاش ئەمە شەڕی جیهانی یەكەم هەڵگیرسا، كە عوسمانی كەوتە شەڕەوە، ئەم شەڕە عێراقیشی گرتەوە، چونكە ئەویش بەشێك بوو لەژێر دەسەڵاتی عوسمانی.

ئینگلیز لە بەسرەوە دستیان پێكرد و بەرەبەرە داگیریانكرد، كە بەغدادیان گرت و بەرەو كەركوك كشان، شێخ مەحمود خۆی پێ نەگیراو بە لەشكرێكی كوردی هەزار سوارەوە بەرەو روویان كشا.

دیارە، كە شێخ بۆ یارمەتیدانی تورك دژی ئینگلیز كەوتە جەنگەوە، مەبەستی ئایینی پاڵی پێوە نابوو، وە هیچی تر، ئەگینا چۆن وا زوو ئەو هەموو زۆرداریەی بیرچوەوە، كە تورك نەك هەر لەگەڵ شێخاندا ئەیكرد بەڵكو چەند سەد ساڵێك بوو هەموو گەلی كوردی ئەچەوساندەوە.

شێخ بەناوی غەزاوە هەڵیكوتایە سەر لەشكری رووسیش و لە پێنجوێنەوە بە ئازاییەكی بێهاوتاوە كردنی بەو دیو سنووردا. بەڵام پاش تەواوبوونی شەڕەكە و پاككردنەوەی ئەو ناوچانە لە دوژمنەكانی تورك، دووبارە توركیا وەك هەموو كاتێكی تر كەوتە لێدانی كورد و چەند سەرەك هۆزێكی لێ دانەبەر شەست تیر، كە گوایا لەكاتی شەڕەكەدا چەند دێهاتێكیان تاڵان كردووە، بەڵام راستیەكەشی لەبەرئەوە بوو، كە

دەسەڵاتی ئەم کوردانە کەم بکاتەوە بە تایبەتی، کە بە هۆی سەرکەوتنە نایابەکانیانەوە دەسەڵاتیان لەناو هۆزەکاندا پەرەی سەندبوو.

ئەمە بوو بەهۆی ئەوەی، کە شێخ مەحمود زویر ببێ و لە کاتی گەیشتنی لەشکرەکەی ژەنراڵ ماریشاڵی ئینگلیزدا بۆ کەرکوک نامەیەك بنێرێ بۆ وێڵسونی حاکمی گشتی عێراق لە ١٩١٨دا. لەم نامەیەدا داوای لێکردن، کە ئینگلیز یارمەتی بدات بۆ دامەزراندنی حوکومەتێکی کوردی لە سلێمانی لەژێر چاودێری ئەواندا.

تورك بەم نامەیەی زانی، شێخ مەحمودی گرت و لە مەحکەمەیەکی کەرکوکدا پاش کشانەوەی سوپای ئینگلیزی بەناوی خەیانەتی وڵاتی عوسمانیەوە بڕیاری خنکاندنی دا، بەڵام لە ترسی راپەڕینی کوردە لایەنگرەکانی شێخ زاتی نەکرد بیخنکێنێ، هەروەها بۆ پاشەڕۆژیش ئیشی پێ بوو، چونکە تورك ئەیزانی هەموو کاتێك ئەتوانێ دووبارە شێخ بخەڵەتێنێ و لە شەڕدا دژی دوژمنانی عوسمانی بەکاری بهێنێ. ئەوە بوو لە دواییدا، بەنیازی ئەوەی لە کاتی پێویستیدا کەڵکی لێ وەربگرێ، بەریداو بە خەڵات و پارەیەکی زۆرەوە لە تشرینی دووەمی ١٩١٨دا گەڕاندیەوە سلێمانی و کردی بە قائیدی مەدەنی ناوچەکە.

شەڕی یەکەمی جیهانی لە تەواوبووندا بوو، تورکەکان بۆ ئەوەی لە ناوچەی سلێمانیدا شێخ مەحمودیان بە دەستەوە بمێنێ بۆ هەڕەشە لە ئینگلیز پێکردن و ئەو ناوچەیە بپارێزێ و نەیدا بەدەستەوە، زۆر دڵنەواییان ئەکرد و بۆ رازیکردنی لەقەبی نەقیبیشیان دایە و لەوساوە بوو بە شێخ مەحمودی نەقیب.

تورکیا زۆریش ئەیویست شێخ رازی بکات و لەم کاتەدا زویری نەکاتەوە، بۆیە، کە لە تشرینی دووەمی ١٩١٨ دا بەیاننامەی شەڕوەستاندن بڵاوکرایەوە، ئیحسان پاشای سەرۆکی لەشکری ئۆردووی شەشەم لە عێراق بە ناچاری فەرمانی دا بە موتەسەریفی سلێمانی، کە ئیدارەی ناوچەکە بداتە دەست شێخ مەحمود و خۆی دەرباز بکات. بەم جۆرە شێخ مەحمود بەناوی حوکومەتی عوسمانیەوە بوو بە موتەسەڕیفی ئەوێ و حوکمی گرتە دەست.

ئینگلیزەکان ئاگایان لەمە هەبوو. لە ١٣/حوزەیران/١٩١٩دا نوێنەری سیاسی بەریتانی لەبەغدا دەربارەی وەزعی سنووری عێراق و کوردستان، کە بەپێی بڕیاری پاش جەنگ ئەبووایە دروستبکرایە، تەلەگرافێکی بۆ وەزارەتی هندستان لێدا، تیایدا وتی:

(لەبەر هەندێ هۆی ئابووری و سیاسی و ستراتیجی وا باشە، کە ناوچە شاخاویە گرنگەکانی وەك سلێمانی و رانیە و کۆیە بخرێتە سەر عێراق. هەروەها زاخۆ و دهۆکیش، هەولێر و ئاکرێ و موسڵیش، کە هێڵی ئاسنینی پێدا ئەڕوات لە کوردستان جیابکرێنەوە، ئامێدیشیان لەگەڵا بێ.)

شێخ مەحمود ویستی هەل لە کات وەربگرێ، کە بوو بە موتەسەریفی سلێمانی دووبارە نامەیەکی نارد بۆ ئینگلیزەکان و ئەم جارە داوای لێکردن، کە بەپێی چەند مەرجێك بێنە سلێمانیەوە.

بە بیروڕای من ئەم داواکردنە کوت و پڕەی شێخ زۆر پەلەی تێدابوو، وای لە ئینگلیزەکان کرد، کە بەچاوێکی ترەوە سەیری بکەن و کەمتر بایەخی پێ بدەن. ئەبووایە ئەو لەم کاتەدا، کە بوو بوو بە موتەسەریفی سلێمانی پتر لەگەڵ ئینگلیزدا توند بووایە و ئەوسا ئەوانیش حسابێکی تریان بۆ ئەکرد.

بێگومان ئینگلیزەکان ئەمەیان پێ خۆش بوو، بەڵێنی یارمەتی هەمەچەشنەیان بە شێخ دا، هەروەها ویلسۆن بەناوی خۆیەوە مێجەر نوئێلی نارد بۆ سلێمانی، کە ئەفسەرێکی شارەزای خاکی کوردستان بوو.

بەم جۆرە ئینگلیز بەئاسانی و بەبێ شەڕ و بە پێشوازیەوە هاتە سلێمانی. مێجەر نوئێل لە تشرینی دووەمی ١٩١٨دا و لە کۆبوونەوەیەکی گشتیدا، بە زمانی فارسی، کە چاکی ئەزانی، بەناوی وێلسۆنی حاکمی گشتی ئینگلیزەوە بەیعەتی بە شێخ مەحمود کرد و بوو بە حوکمداری کوردستان.

بەڵام بەداخەوە بۆ نەگبەتی کورد ئەم قارەمانە نەبەزە لەباتی ئەوەی لەم هەلە کەڵك وەرگرێ و فەرمانڕەواییەکەی بچەسپێنێ و ئیسلاحاتی بەکەڵك بکات، کەوتە رێکخستنی یاری و رمبازێن و زیافەت و زیافەت کاری و وازی لە فەرمانڕەوایی راستەقینە هێنا. ئەو وایزانی، کە ئیتر هەموو شتێك تەواو و کوردستانێکی سەربەخۆ پێکهاتووە و هیچ مەترسیەك نەماوە. زۆربەی ئینتهازی و پوولەکیەکانی لە دەور کۆبووەوە و کەوتنە کنەکردن لە بناغەی فەرمانڕەوای مۆلەقەکەیدا.

شێخ مەحمود هەرگیز هەلی وای دەست نەکەوتبوو، لەوانەبوو بتوانرایە ئەم فەرمانڕەواییەی ببێ بە بەردی بناغە بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی یەکگرتوو، بەتایبەتی، کە هەر لەو کاتەشدا مێجەر نوئێل کەوتبووە پڕوپاگەندە لە شارەکانی تری

کوردستانی عێراقدا، بۆئەوەی بیانخاتە سەر کوردستانی تازە پێگەیشتوو. گومان لەوەدا نیە، کە ئینگلیز ئەمەی لەبەرخاتری چاوی رەشی کورد نەئەکرد، بەڵکو ئەیویست بەهۆی شێخ مەحمودەوە دەسەڵاتی خۆی لە ناوچەکەدا بچەسپێنێ، بەڵام هەرچۆنێك بووایە ئەتوانرا کەڵکێکی باشی لێ وەربگرێ.

ئەم مێجەر نوئێلە هەرچۆنێك بێ، ئەگەر بەسەرزارەکیش بێ، وای دەرئەخست، کە دۆستی کوردە. زۆر ریزی شێخ مەحمودی ئەگرت و هیچی بەبێ پرسی ئەو نەئەکرد. هەر ئەویش بوو، کە لە ٢٧/تشرینی یەکەم/ ١٩١٩دا یاداشتێکی دا بە ویڵسۆن و تیایدا وتی :

(ماوەی چوار سەد ساڵە کورد گیرۆدەی دەستی تورکە و هەموو هەوڵێك دراوە، کە وەکو گەلێك نەهێڵرێ و بتوێنیرێتەوە.)

نوئێل زۆر هەوڵی ئەدا لە ئینگلیزەکان بگەیەنێ، کە چاك وایە هیچ بیانوویەك بە شێخ مەحمود نەگرن و هەوڵێکی راستەقینە بدەن بۆ دروست بوون و یەکگرتنی هەموو کوردستان، بەڵام ئینگلیز ئەم رایەی پەسەند نەئەکرد و لە پێشدا ئەیویست کوردستان دابەشبکات بە چەند حوکومەتێکی بچووکەوە و لە دواییدا بەیەکجاری وازی لەم بیروڕایەش هێنا و بەدزیەوە بڕیاری پارچە پارچە کردنی کوردستانی دا، کە نوئێل زانی هیچی پێ ناکرێ، داوای لە ویڵسۆن کرد، کە لە حاکمی سیاسی سلێمانی مەرەخەسی بکات. ئەویش بەخۆشیەوە لای برد و مێجەر سۆنی لە جێگا دانا.

ئائەمەبوو باری شێخ مەحمودی حوکمداری کوردستان! هەر لە یەکەم رۆژی هاتنی مێجەر سۆنەوە بۆ سلێمانی کەوتە پیلان دانان بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتی و لەناوبردنی فەرمانڕەواییەکەی. هەر کەسەش لە ئاستی خۆیەوە بەبێ ئەوەی پێبزانێ لەمەدا بەشداری ئەکرد.

ئەوانەی، کە لە جەنابی شێخ مەحمود نزیك ئەبوونەوە و لە دڵیا پایەیەکی باشیان هەبوو، زوربەیان خۆپەرست و پوولەکی بوون و ناحەزییان بۆ یەکتری ئەکرد، شێخ خۆی لە سیاسەتدا تازە بوو، ئازاییەکەشی ئەوەندەی تر هەڵەی پێ ئەکرد. ویڵسۆن هەر لە سەرەتاوە شێخی خۆش نەئەویست و لە بیانوو ئەگەڕا، بەڵام مێجەر نوئێل هەموو هەوڵێکی دا، کە ویڵسۆن لە شێخ نەتۆرێنێ، بۆیە هەر، کە مێجەر سۆن هاتە جێگای ئەو ئیتر گلۆڵەی شێخ بەرەو لێژی رۆیشت.

مێجەر سۆن لە یەکەم ڕۆژی فەرمانڕەواییەوە دەستی کرد بە پیلانگێڕی بۆ کزکردنی دەسەڵاتی شێخ مەحمود. سلێمانی پڕکرد لە مووچەخۆر و نۆکەری عەجەم و ئەفغانی و عەرەب و هیندی و گاور و ئەرمەنی. لە هەموو دائیرەیەکدا راوێژکەرێکی ئینگلیزی بەناوی موتەرجیمەوە دانا. ئەمە پیاوانی ئینگلیز! لەولاشەوە مشکی خوارو خەنجەر لەبەر پشتێن و دەمانچە بەلاقەد و تفەنگ لەشان، بەناوی پیاوانی شێخ مەحموودەوە بەشاردا بڵاوبوونەوە. ئەو تاقم و ئەم تاقم کەوتنە وێزەی یەکتری و چاڵ بۆ یەکتری هەڵکەندن. پیاوانی مێجەر سۆن زۆر چالاکانە تەشەنەیان بەم حاڵە ئەدا دەوروپشتانی شێخیش بۆ ئەوەی پارێزگاری جێگای خۆیان بکەن کەوتنە فیتنە بۆ یەکتری هەڵبەستن، هەتا وای لێ هات، کە خەڵك لەبەر ئاژاوە و لەخۆ ئەمین نەبوون لە هەموو شتێك بێزار بوو بوون، ئالەم کاتە ناسکەشدا ئینگلیز کەوتە هاندانی سەرەك هۆزەکان بۆ دوژمنایەتی کردنی شیخ مەحمود، ئەمەش لە رانیەوە دەستی پێکرد.

شێخ ئەمین سندۆڵان، کە خزمی شێخ مەحمود بوو، کرابوو بە قایمقامی رانیەو پارەیەکی باشی ئەدرایە، ئینگلیزەکان داوایان لە سەرەك هۆزەکانی ئەو ناوە کرد، کە مەزبەتەیەك دژی شێخ ئەمین بکەنەوە و داوای لابردنی بکەن. زوربەیان رازی نەبوون، چونکە ئەیانزانی، کە شێخ ئەمین بە فەرمانی شێخ مەحمود کراوە بە قایمقام و ناتوانن دژی بڕیاری شێخ ئەمە بکەن. بەڵام مێجەر سۆن لە سلێمانی وای لە شێخ مەحمود کرد، کە بە تەلەگرامێك داوا لە سەرەك هۆزەکان بکات کەلە قسەی کاپتەن بێڵی حاکمی کۆیە دەرنەچن و بڕیاری لابردنی شێخ ئەمین مۆر بکەن، ئەمەش بوو بەهۆی ئەوەی، کە زوربەی ئەو سەرۆك هۆزانەش متمانەیان بە شێخ مەحمود نەمێنێ و لە پاشەرۆژی خۆیان بترسن. ئەمەش ووردە ووردە کاری کردە سەر فەرمانڕەواییەکەی شێخ مەحمود، ئەو فەرمانڕەوایەتیەی، کە لەسەر بناغەی عەشایەری دامەزرابوو!

هەواڵنامەی کتێب

شەڕی دەربەندی بازیان

لەوە پێش وتم نامەکەی جەنابی شێخ قادرم، لە ئەستەمۆڵەوە هێنابوو، دامە دەست شێخ مەحمود و بەدرێژی باسی وەزعی تورکیا و خەلافەتم بۆ کرد. شێخ لە کردەوەکانی ئینگلیز زۆر ناڕەزابوو. بەرادەیەکی وا پاش چەند رۆژێك، کە جەنابی شێخ لە نوێژەکەی بووەوە لەسەر بەردە نوێژەکانی مزگەوتی گەورە بانگیکردم و بەجووتە بەرەو مەرقەدی حاجی کاك ئەحمەدی شێخ چووین، فەرمووی نیازی وایە نوێنەر بنێرێتە تاران بۆ ئەوەی لای بالۆێزی ولاتە بێگانەکان سکالا لە دەست ئینگلیز بکات. عەرزم کرد، کە بیروڕای من لەبەر ئەوەی تاران و ئەستەمولّ و بگرە زوربەی جیهان ئێستا لەژێر رکێفی ئینگلیزدایە هیچ ولاتێك گوێ بۆ سکالای کورد دژی ئینگلیز شل ناکات، بەڵکو باشتر وایە خۆمان و بەهێزی چەك و مێشك، بەیەکخستنی هۆزە کوردەکان بە خەڵکی بسەلمێنن، کە دڕندەیی ئینگلیز کارمان تێناکات و کۆلّمان پێنادات هەر وەکو چۆن دڕندەیەتی تورك نەیتوانی کۆلّمان پێبدات. پاش ماوەیەك بیستم، کە شێخ و کۆمەڵەکەی بەنهێنی بڕیاریان داوە نوێنەر بنێرنە لای بالۆێزی وولاتان بۆ ناڕەزایی بەرامبەر کردەوەی ئینگلیز لە کوردستاندا و شکاندنی ئەو بەڵێنەی داویانە بەرامبەر بە کورد. شێخ هەر بەمەوە نەوەستا، کەوتە کۆکردنەوە و هاندانی سەرەك هۆزە ناحەزەکانی ئینگلیز و خۆئامادەکردن بۆ شۆڕشێك، کە ئینگلیز لە سلێمانی دەرپەڕێنی. رابەری ناردە شارەکانی تری کوردستانی عێراق، کە بیروڕایان دەربارەی ئینگلیز بزانێ. لە زۆر لاوە هەواڵی وەرگرت، کە زووربەی شارەکان دژی ئینگلیزن و وەك مەنجەڵ ئەکولّێن و لە کردەوەی ئینگلیز ناڕەزایی هەتابێ زیاد ئەکات. مێجەر سۆنی شارەزای زمان و نەریت و فۆلکلۆری کوردیش بەکردەوە ناڕەواکانی ئەوەندەی تر ئاگری ناڕەزایی خەڵکی خۆش ئەکرد، هیچ دووریش نییە ئەمەی بە عەنقەس کردبێ بۆ ئەوەی بیانووی پەلاماردانی شێخی دەست بکەوێ. یان سەر بە شێخ مەحمود دانەوێنێ، بەلام خەیاڵی خاو بوو چونکە شێخ لەوانە نەبوو، کە یەکێکی وەکو مێجەر سۆن کوڵی پێ بدات، بۆیە کەوتە گفتوگۆ و راکێشانی سەرەك هۆزە گرنگەکان. توانی کەریم بەگی

فەتاح بەگی سەرەك عەشیرەتی هەمەوەند و هەباسی مەحمود ئاغای پشدەر و مەحمود خانی دزڵی بکات بە دۆستی خۆی. هەر بەپشتی ئەمانەش کەوتە خۆئامادەکردن بۆ بەرپاکردنی شۆڕشێك. شێخ بە دزییەوە مەحمود خانی دزڵی راسپارد، کە بەبیانووی زیارەتکردنی مەرقەدی حاجی کاك ئەحمەدی شێخەوە بە لەشکرەوە بێتە سلێمانی و بیگرێ و لەدەست ئینگلیز رزگاری بکات. بەم جۆرە مەحمود خان بە خۆی و نزیکەی ٣٠٠ چەکدارەوە لە ٢١/مایس/ ١٩١٩دا گەیشتە سەر شاخی گۆیژەی سنووری سلێمانی. تەنها ئەوسا مێجەر سۆن بەمەی زانی و داوای لە شێخ مەحمود کرد، کە نەهێڵێ مەحمود خان ببێتە شارەوە.، کە شێخ وەڵامی دایەوە رێگای ئەوانە ناگیرێ، کە دێن بۆ زیارەتی حاجی کاك ئەحمەدی شێخ، مێجەر سۆن داوای کرد، کە مەحمود خان خۆی و چەند سوارێك بێ چەك بێن بۆ زیارەت و بگەڕێنەوە. شێخ مەحمود ئەم داواکارییەی رەتکردەوە و مەحمود خان بەرەو شار کشا. زۆری پێنەچوو پاش بەرگریەکی کەم شاری گرت. سەربازە کوردەکانی سوپای ئینگلیز لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕەکەدا لە سوپاکەی خۆیان کشانەوە و چوونە سەر لەشکری کورد. بەم جۆرە لە رۆژی ٢٣/مایس / ١٩١٩دا سلێمانی لە لایەن کوردەوە گیرا. شێخ مەحمودیش بەناوی پارێزگاری ئینگلیزەکان لە کوشتن و گرتین و لە دەبۆکە قایمی کردن. مێجەر دانلیسی سەرلەشکری لیڤیش لەناو گیراوەکاندا بوو. مێجەر سۆن هەر لە سەرەتای هاتنی مەحمود خانەوە، واتا لە ٢١/مایسەوە خۆی لە سلێمانی دەربازکردبوو، گرینهاوسی لەجێی خۆی دانابوو. لە هەمان کاتدا ئەو لەشکرەی، کە لە کەرکوکیشەوە هاتبوو بۆ یارمەتی لەشکرەکەی دانلیس شکێنرا و چەکیان لێ سەندرا. پاش گرتنی سلێمانی وێڵسۆن بە فڕۆکە بەسەر شاردا بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و تیایدا داوای لە شێخ مەحمود کرد، کە بۆ گفتوگۆکردن بچێتە بەغدا. شێخ مەحمود چەند مەرجێکی بۆ ئەم چوونەی دانا، کە وێڵسۆن پێی رازی نەبوو. لەبەرئەوە فەرمانی دا لەشکرێکی گەورە لە کەرکوك پێکهات و بەرەو سلێمانی نێررا. ئەم لەشکرە لەگەڵ لەشکری شێخ مەحمودا لە تاسڵوجە پێکاهاتن. لە ئەنجامدا ئینگلیز لێرەشدا شکا، ئەوەی شیاوی باسە پێش ئەمەش مێجەر گرینهاوس بەدیل گیرابوو. بەمە ئەوەندەی تر ناوی ئینگلیز زڕاو لای خەڵك سووك بوون. ویستیان بەهەر نرخێك بێ حەیای خۆیان بکڕنەوە و چۆك بە شێخ مەحمود دابدەن. بۆ ئەم مەبەستە سەرکردەی گشتی سوپای ئینگلیز لە عێراقدا فەرمانی بە جەنەڕاڵ فرایزەردا،

که له موسڵەوه بەخۆی و فرقەیەکەوه بگاته سلێمانی بۆ بەرەنگار بوونی شێخ مەحمود، بۆ ئەوەی هێزی کوردەکانی خانەقین و کفریش فریای ئەوه نەکەون، که یارمەتی لەشکری شێخ بدەن، فرقەیەکی پیادەش له ژێر سەرکردەیی کۆلۆنێل بۆدیدا نێررایه دەوری خانەقین بۆ رێگا لێگرتنیان. لەم بەینەدا لەشکری شێخ مەحمود گەیشتبووه دەربەندی بازیان، بۆ ئەوەی رێگا له لەشکری تازەی ئینگلیز بگرێ، که له کەرکوکەوه بێت بۆ یارمەتیدانی لەشکرەکەی ئەو ناوه، شێخ قادری سپاه سالاری برای به خۆی و ٥٠٠ سوارەوه نارده نزیك چەمچەماڵ. شێخ خۆشی له دەربەندی بازیان کەوته خۆ ئامادەکردن بۆ بەرەنگاری ئینگلیز. ئینگلیز لەم کاتەدا لەوه ئەترسا ئەو عەشیرەتانەی، که هەتا ئێستا داخلی شەڕ نەبوون، داخڵ بن، بۆیه دەوروپشتی چەمچەماڵی بۆردومانکرد. شێخ له دەربەندی بازیان چاوەڕێی لەشکری دوژمنی ئەکرد. داگیرکردنی گەورەی دەربەند بۆ دوژمن شتێکی ئاسان نەبوو، بۆیه شێخ و لەشکرەکەی لەوه دڵنیابوون، که ئەم ناوچەیه ئەبێته گۆڕستان بۆ لەشکری ئینگلیز و ناتوانن بێن بەم دیوا. شێخ هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبووه و بیری لەوه نەئەکردەوه، که یەکێك له دۆستەکانی خۆی ناپاکی لێبکات. ئەوەبوو موشیری حەمەی سلێمان ی بەگزادەی هەمەوەند، که شێخ خۆی کردبووی به سەرکردەی لەشکری سوارەی چەمچەماڵ رێگای پێشانی لەشکری ئینگلیز داو له رێگەیەکی واوه هێنانی پشتی لێ گرتن، که شێخ هەرگیز به بیریدا نەئەهات لەو جێگاوه ئینگلیز بتوانێ ببێته ئەم دیو. شێخی قارەمان ئەوەندەی زانی له بەرەبەیانی ١٨/حوزەیران/١٩١٩دا به چەکی تازەو زۆرەوه پشت و پێشی لێ گیراوه و فڕۆکەش له ئاسمانەوه ئاگرباراني ئەکات. ئەو لەشکره ئینگلیزەی هاتبووه ئەم دیوەوه له هەموو چیزەیەکی تێدا بوو، هەتا سیك و مەغۆلەکانی بورماش بەشداریان تێداکرد.

هەردوو لەشکر لێك نزیك بوونەوه، ناچار دەستیان دایه شیر و خەنجەر. لەشکری کورد به ژماره زۆر له لەشکری دوژمن کەمتر بوو. ئا لەم کاتەدا بوو شێخی قارەمان له دوولاوه بریندار کراو بەمه لەشکری کورد شکا و شێخ بەدیل گیرا و بەرەو بەغدا رەوانه کرا. لەم شەڕەدا ٤٨ قارەمانی کورد کوژرا، ژمارەیەکی ئێجگار زۆوریش بریندار کرا و١٢٠ کەسیش بەدیل گیرا. بەم جۆره شەڕی دەربەندی بازیان بەشکانی کورد کۆتایی هات، بەڵام بەمه کورد لاپەڕەیەکی تری له پاڵەوانیەتی مێژووی پڕ له کارەسات و خوێناوی خۆی هەڵدایەوه.جەنەڕاڵ فرایزەر پێش ئەوەی دەنگ و باسی شکاندنی پێشەوا

بگاتە سلێمانی بەپەلە لەشکرێکی سوارەی ناردە سلێمانی و ئینگلیزە گیراوەکانی لە زیندانی بەردا. شێخ لەم شەڕەدا قارەمانیەتیەکی وای نواند، کە بووە جێی شانازی هەموو گەلی کورد، بەڵام نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ، کە بەپێی یاسای سوپایی ئەم شەڕە هەڵەی زۆری تێدابوو. نەئەبوو هەموو هێزەکەی لە جێگایەکی وەکو دەربەندی بازیان کۆبکاتەوە و چاوەڕێی هاتنی دوژمن بکات، باشتر وابوو، کە لەشکرەکەی بکات بە چەند بەشێکەوە و لە چەند لایەکەوە پەلاماری سوپای ئینگلیز بدات، بەمە ئەیتوانی شۆڕشەکەی لەناو عەشایەرەکانی تریشدا بتەنێتەوە و شەڕ دژی ئینگلیز هەڵگیرسێنێ.

هەرچۆنێك بێ، ئەوەی کردی بەڵگەیەکی ترە، کە هیچ کاتێك ئەو قارەمانە بەجەرگە نەترساوە و نەیویستووە سەربۆ دوژمنە بەهێزەکەی دانەوێنێ. هەڵوێستە پاڵەوانیەکەشی لەبەردەم دادگای عورفی دوژمندا بەڵگەیەکی ئاشکرایە بۆ ئەمە. شێخ مەحمود لەبەردەم دادگادا زۆر ئازایانە وەڵامی پرسیارەکانی ئەدایەوە، داوای دادگای رەتکردەوە، کە محامیەك بگرێ چونکە هەر ئیعترافی بەو دادگایە نەئەکرد، زۆر بەئاشکرا ئینگلیز و مێجەر سۆن و گریهاوسی تاوانبار ئەکرد و ئەوانی دائەنا بە هۆی ئەم خوێن رشتنە. لە ئەنجامدا فەرمان درا بە خنکاندنی شێخ مەحمود، کە لەندەن پەنجەی کێشایە حوکمەکەوە و گۆڕی بۆ ١٠ ساڵ گرتن، وێڵسۆن، کە لە زووەوە ئەیویست شێخ مەحمود لەناوبەرێ دژی ئەم بڕیارە وەستاو لە لەندەنی گەیاند، کە هەتا شێخ زیندوو بێ لە کوردستاندا ئاژاوە هەر ئەمێنێ. بەڵام حوکومەتی ئینگلیز نیازی تری لە دڵدا بوو، کە لە کاتی خۆیدا بەڵکو بتوانێ کەڵك لە شێخ وەرگرێ. بەم جۆرە حوکمەکەی گۆڕا بە ١٠ساڵ گرتن و بە گیراوی ناردیانە هیندستان.

دوژمنایەتی وێڵسۆن لەگەڵ شێخدا ئەوە ئەگەیەنێ، کە یەکەم لێی تۆقی بوو، هەمیشە لێی ئەترسا، دووەم بە ئاشکرا دەریئەخات، کە شێخ مەحمود داردەستی ئینگلیز نەبووە و نەبووەتە نۆکەریان، وەك هەندێ لە ناحەزانی ئەیانەوێ ئەم ناتۆرە نارەوایەی بخەنە دوا. شێخ هەر دوژمنی ئینگلیز بووە و هەر دوژمنیشیانە.

بەم جۆرە ئەم شۆڕشەی شێخ مەحمودی قارەمان لە سلێمانی بە ناپاکی چەند کوردێك و فروفێڵی دوژمن و بەهێزی و هەڵەی سوپای و سیاسی قارەمان و دەوروپشتەکەی کۆتایی هات و دووبارە مێجەر سۆنی دوژمنی گەورەی پێشەوا گەڕایەوە سلێمانی و بەمە بەتەواوی حوکمی شار کەوتە دەست ئینگلیز.

بۆچی کوردەکان تورکەکانیان هێنایە ڕەواندز

پاش ئەوەی، کە پێشەوا شکاو ڕەوانەی هیندستان کرا ئینگلیزەکان لەباتی ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ دانیشتواندا باشتر بکەن، بە پێچەوانەوە کەوتنە سزادانی خەڵك و بەتایبەتی ئەوانەی، کە سەر بە شێخ مەحمود بوون و لەناو سلێمانی و دەوروبەری شاردا. هەرچەندە نووسین و خوێندن بە زمانی کوردی بوو، مێجەر سۆن یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە سلێمانی بەناوی پێشکەوتنەوە دەرکرد لەگەڵ ئەوەشدا ئەمانە هەمووی تەنها بۆ مەسڵەحەتی ئینگلیز خۆی بوو، هیچی تر.

سۆن زۆر دڕندانە لەگەڵ خەڵکدا ئەجوولایەوە و بوو بە کەڵەگا. بەرادەیەکی وا، کە بە ئۆتومبیلەکەیەوە بە شاردا ئەڕۆیشت هەر کەسێك لەبەری هەڵنەستایە ئەکەوتە جوێن پێدانی و سزای ئەدا، هەتا جارێك، کە بە بەردەممادا تێپەڕی و ئێمە لەبەری هەڵنەستاین گەڕایەوە سەرمان و پێی وتین: (بێ ناموسینە بۆچی لەبەرم هەڵناستن؟ خاڵە مەلا سالحم لێی ڕاست بووەوە و جوێنەکەی پێدایەوە.)

خالم قسەی لەکەس قوبوڵ نەئەکرد و حەقی خۆی بەسەر کەسەوە نەئەهێشت، زۆر جاریش بەهۆی ئەم ڕەوشتەیەوە خۆی تووشی چەرمەسەری کردبوو. مێجەر سۆن بۆی دابەزی و بەسەریدا قیژاندی و چەند جوێنێکی تری پێدا و وتی: (کە ئەیگرێت و ئیعدامی ئەکات.)

خالیشم وەڵامی دایەوە و دەستی بۆ نێوان هەردوو ڕانی ڕاکێشاو وتی : (... م و لە ... م کامیان ئەگری بیگرە!.) مێجەر سۆن چەند زللەیەکی لێدا و بەجێبەکەی بردیان بۆ قشلە. ئەوە بوو پاش چەند ڕۆژێك دەنگ بڵاوبووەوە، کە سۆن فەرمانی خنکاندنی بۆ دەرکردووە.

شەوێك بە یارمەتی یەکێك لە پاسەوانەکان دەرگای ژووری حەپسخانەکەی شکاند و بۆی دەرچوو. دوایی لەماڵی حاجی مەلا عەلی مەڵکەندی خزمانەوە بە پەلەپڕووزێ و بەپێ

هەر بەوشەوە بەرەو دێی خەمزە دەربازیان کرد و هەتا مێجەر سۆن لە سلێمانی مایەوە ئەو سەری نەکردەوە بە شاردا.

مێجەر سۆن بوو بووە بەڵا لە شاردا، هەموو ماڵی خێزانی شێخان بە فەرمانی ئەو تالان کرا، زەوی و زاریان خرایە ژێر دەست کاربەدەستانی خۆیەوە، دۆست و نزیکانی شێخ مەحمود دەربەدەرکران و سزا ئەدران. کاربەدەستانی شار لە بێگانە و کلکانی ئینگلیز پێکهاتبوون. عەزیز خانی نەخوێندەواری ئێرانی و قەوم و قیلەکەی بووبوونە کاربەدەست و لە بری پیاوماقوڵانی شار، سلێمانی پڕ کرابوو لە هیندی و ئێرانی. باری ئابووریش بەپێچەوانەی پڕوپاگەندەی ئینگلیزەوە هیچ پێش نەکەوتبوو، گەل هەر برسی و چەوساوە بوو.

لەم کاتەدا ماجد مستەفای خزمم لە تورکیاوە گەڕابووەوە و پێکەوە هاتوچۆی مزگەوتی گەورەمان ئەکرد. لەگەڵ مامۆستا مەلا محەمەد ئەمین و خوالێخۆش بوو شێخ مستەفای شێخ سەلام و چەند گەنجێکی تریشدا نیمچە کۆمەڵەیەکیان پێکهێنابوو.

لە ساڵی ١٩٢٠دا چوومە قەڵادزێ بۆ زانینی باری سیاسی ئەو ناوچەیە و تێگەیشتنی بیروڕای ئاغایانی پشدەر. هەر لەم کاتەشدا شێخ قادری حەفید لەلایەن ئیسماعیل ئاغای سمکۆوە نێررابوو بۆ دەوری سەقز [چونکە پاش شکاندنی شێخ مەحمود هەموو خێزان و دۆستانی شێخ ئەوەی نەگیرابوو، چووبوونە ئێران بۆ لای سمکۆ]. من پێش ئێستا ئاغاکانی پشدەرم نەئەناسی و ئەمەش هەلێکی باش بوو بۆ ناسینیان، کە لە مەرگەوە جووڵام بەرەو قەڵادزێ لەسەر کەڵەکی گەرمکان لەسەر زێی بچووك چاوم بە عبداللە ئاغای برای هەباسی مەحمود ئاغا کەوت.، کە باسی هەباس ئاغام لێ پرسی تێیگەیاندم، کە ئێستا پەیوەندی لەگەڵ ئنیگلیزو بابەکر ئاغادا باش نیە و لەبەرئەوە قەڵادزێی بەجێهێشتووە و لە دێی هێرۆ نیشتەجێ بووە، چونکە لە ئێرانەوە نزیکەو لە کاتی تەنگاودا ئەتوانێ خۆی دەربازبکات و بەرەو ئێران بڕوات، چونکە سنوور بەرەڵایە و حوکومەتی ئێران دەسەڵاتێکی ئەوتۆی بەسەر سنووردا نیە.

داوام لە عبداللە ئاغا کرد، ئاگاداری هەباس ئاغا بکات، کە ئەحمەد تەقی لە سلێمانیەوە هاتووە و ئارەزووی بینینی جەنابیانی هەیە لە یەکێك لە دێهاتە نزیکەکاندا یان لە هەر جێگایەکدا، کە ئەفەرموێ ئەچمە خزمەتی.

پاش چەند رۆژێك پیاوێك هاتە لام و ئاگاداری كردم، كە هەباس ئاغا ئەیەوێ لە دێی نورالدین بمبینێ، كە دوو سەعات لە قەڵادزێوە دوورە، منیش بەناوی خوری ئاژەڵ كڕینەوە بەرەو ئەو دێیە چووم. لەژێر سێبەری دارتووی سەركانیەكی نزیك دێیەكەدا هەباس ئاغاو ئاغای قەرەنی چاوەڕێیان ئەكردم.

لە ئەنجامی گفتوگۆكردندا بۆم دەركەوت، كە هەباس ئاغا لە من بەپەرۆش ترە بۆ ئیشكردن و فەرمووی، كە مێجەر سۆن و بابەكر ئاغا رێكەوتبوون بۆ ئەوەی ئێمە بكەن بە بەندەی خۆیان و هەموو هەوڵێك بۆ جێەجێكردنی ئەم پیلانە ئەدەن. فەرمووشی، كە پاش هاتنی مێجەر سۆن بۆ سلێمانی، جەنابی شێخ مەحمود لەگەڵیدا پەیوەندی تێكچوو بوو، لەسەر فەموودەی شێخ چووین بۆ سلێمانی و لای شێخ میوان بووین. لە تەرەف دایەرەی سیاسی ئینگلیزەوە بانگكراین و براینە لای مێجەر گرینهاوس. لێی پرسین، كە بۆچی هاتووین بۆ سلێمانی، ئایا هەر لە خۆمانەوە هاتووین یان شێخ مەحمود هێناونی؟ گرینهاوس دیار بوو، كە لەم پرسیارەدا مەبەستێكی هەیە و ئەیەوێ نرخی ئێمە كەم بكاتەوە، بۆیە خۆم نەگرت و وەڵامم دایەوە واتا هەباس ئاغا وەڵامی دابووەوە و وتم: نەخێر خۆمان هاتووین. دوایش پێم ووت: جەنابی حاكم، زۆر سەرسامم و كردەوەی جەنابتان سەیرە، هەتا كاتێك بوو مەئموری خۆتان [مەبەستی لە مێجەر نۆێلە] ئێمەی بەزۆر ئەهێنا و بەیعەتی بە شێخ مەحمود پێ ئەكردین، كەچی ئێستا وەكو تاوانێكمان كردبێ، كە هاتووین بۆلای ئەو شێخ مەحمودەی، كە خۆتان بە زۆر ئەتان هێناین بۆلای. رەنگە ئێوە ئێمە بەمەیموون بزانن و وا تێبگەن ئەشێ هەر رۆژە بە چەشنێك هەڵمانپەڕێنن؟ ئەگەر وا تێبگەن بەهەڵەدا چوون.

هەباس ئاغا وتی :(پاش ئەمە مێجەر گرینهاوس بە سەرسامیەوە سەیری كردم و ئیتر وورتەی نەكرد و هەستا و چوو بۆ لای مێجەر سۆن. زۆری پێ نەچوو ئێمەشیان بانگكردە لای خۆیان. وامانزانی مێجەر سۆنیش لەم رووەوە لەگەڵمان ئەدوێ، كەچی هیچ باسی ئەمەی لەگەڵا نەكردین و لە ئەحواڵ پرسین و بەخێرهاتن بەولاوە دەربارەی هیچی تر نەدوا. پاش ئەوەی لە دایەرەی سیاسی دەرچووین، یەكسەر بەرەو ماڵی شێخ مەحمود رۆیشتین، هەر لەو كاتەوە و هەتا ئێستاش مێجەر سۆن من بە دوژمنی خۆی تەماشا ئەكات).

بەم جۆرە هەباس ئاغا روونیکردەوە، کە نە مێجەر سۆن حەز لە چارەی ئەو ئـەکات و نەئەویش چارەی ئەوی ئەوێ.

پاش ئەمە هەواڵی شێخ قادرم لـێ پرسی، فـەرمووی، گوایا شـێخ قـادر هیـچی پـێ نەکراوە و ئەو کارەی پێی سپێرابوو نەیتوانی جێبەجێی بکات، چونکە یەکسەر لەلایـەن ئینگلیز و ئێرانیەکانەوە تەوقیف کراوە و ناشزانین بۆ کوێیان بردووە.

دوایی هاتینە سەر ئەوەی بڕیارماندا، هەتا من لە قەڵادزە ئەمێنمەوە جەنابی هەباس ئەغا لەگەڵ دۆست و خزم و ناسیاوە تێگەیشتوەکانیدا قسە بکات و منیش لـەلای خۆمەوە هەوڵ بدەم بۆ دۆزینەوە و پەیداکردنی بزوتنەوەیەك، کە دەسەو دایەرەی مێجـەر سۆن و بابەکر ئاغا تێکبدەن. پاش ئەمە من بـەرەو قـەڵادزە گەڕامـەوە و هـەباس ئاغـا بەرەو هێرۆ.

لێرەدا ئەمەوێ کەمێك بگەڕێمەوە سەر باسی پەیوەندی شێخ مەحمود و مێجەر سۆن، کە لەوە پێش لێی دواین بۆ ئەوەی باشتر لـە بـیروڕای ئاغایـانی پشدەر بگـەین و زیـاتر هۆی نارەزایی خەڵك لە ئینگلیز روون بێتەوە.

مـەعلوومی هەمووانـە، کـە لـە کـاتی موتارەکـەی نێـوان حوکومـەتی عوسمـانی و ئینگلیزدا، لیوای سلێمانی داخلی کاروباری لەشکری ئینگلیز نەبوو، بە دەستی تورکەوە مابووەوە و تورکەکان شێخ مـەحمودیان کردبـوو بـە موتەسـەریفی سلێمانی... و بـەپێی بڕیـاری موتارەکـە نەئـەبوو لەشـکری ئینگلیـز ببێتـە نـاو سـلێمانیەوە، لەبـەر ئەمـە مـەئمورانی ئینگلیـز بـەهۆی چـەند خوێنـدەوارێکی کـوردەوە لەگـەڵ شـێخ مـەحمودا پەیوەندیان بەسـت و لەسـەر پێکهێنـانی ئیدارەی کـوردی لـەژێر سـەرکردایەتی شـێخدا رێکەوتن، بـەو مەرجـەی شـێخ تورکـەکان لـە سـلێمانی دەربکـات و بـەهاتنی لەشـکری ئینگلیز رازی بێ. بەم جۆرە ئەوە بوو مێجـەر نوئێـل و هاوڕێکـانی بـێ ئەزیـەت هاتنـە سلێمانی و بەیارمەتی ئینگلیز هەموو عەشایەرەکانی دەوروپـشت بەیعـەتیان بـە شـێخ مـەحمود کـرد و کەوتنـە مەزبەتـە کردنـەوە، کـە گوایـا کـورد نایـەوێ لـەژێر فـەرمانی عوسمانیدا بمێنێتەوە و لەژێر چاودێری ئینگلیزدا حەز بە حوکمێکی کوردی ئەکەن.

بەڵام لەژێریشەوە ئینگلیز لەگەڵ زۆر کەسی گرنگی کوردی وەك بابـەکری سـەلیم ئاغـاو خانمی وەسمان پاشادا بە نهێنی تێئەکۆشا بۆ لەناوبردنی حوکمی شێخ. هیچ گومانی تێـدا نیە، کە وەك مس بێڵ لە نامەیەکیدا نووسـی: پێکهێنـانی ئیدارەکـەی شـێخ مـەحمود

تەنها شتێکی وەختی بووە و مەبەستی هەر ئەوە بوو، کە کەڵك لە دەسەڵاتی شێخ وەربگرێ بۆ جێگیرکردنی ئینگلیز لەو ناوچەیەدا. بۆیە، کە مێجەر نوئێل لەم کارە گرنگەی بووەوە و ئینگلیز بەبێ هەرا هاتە سلێمانیەوە، ویلسۆن، مێجەر سۆنی نارد بۆ ئەوێ و تێکدانی حوکمڕەوایی شێخی پێ سپارد، شێخی ناچارکرد پەلاماری ئینگلیز بدات بۆ ئەوەی بیانووی هەڵگیرسانی شەڕ بخاتە ئەستۆی کوردەوە. واتا ئەتوانین بڵێین، کە مێجەر نوئێل، مەئموری پێکهێنانی حوکمی شێخ مەحمودە و مێجەر سۆنیش مەئموری تێکدانی بووە.

ئەوە بوو لە ئەنجامدا فەرمانڕەوایی شێخ تێکچوو. زۆر کەس ئەڵێن، کە شێخ مەحمود ئەیتوانی پارێزگاری حوکمەکەی بکات، ئەگەر بەقسەی ئینگلیزی بکردایە. بەڵام من ئەڵێم بەقسەشی بکردایە، حاڵی کورد لەمە چاکتر نەئەبوو، ئەگینا ئەگەر بیانووی ئینگلیز ئەوە بوو، کە شێخ مەحمود بەرەنگاری ئەکردن، بۆچی پاش نەفیکردنی پێشەوا یەکێکی تریان بەناوی حوکمداری سلێمانیەوە لە جێگای دانەنا و یەکسەر فەرمانڕەواییەکەیان تێکداو حوکم کرا بە حوکمی ئینگلیز؟ ئایا ئەمە ئەوە ناگەیەنێ، کە لێرەدا شێخ مەحمود هەر بیانوویەك بوو بۆ ئینگلیزەکان و هیچی تر؟ ئەگەر ئەوان بەراستی نیازی دامەزراندنی کوردستانیان هەبووایە، ئەیانتوانی چۆن لەوەپاش بەزۆر یەکێکیان لە دەرەوە هێنا و کردیان بە مەلیکی عێراق و مەملەکەتی عێراقیان دروستکرد بەو جۆرەش ئەیانتوانی پیاوێکی خۆیان بکەن بە مەلیکی کوردستان، ئەگەر لە شێخ مەحمود رازی نەبوون. هەر هیچ نەبووایە مێجەر سۆن خۆی ئەیتوانی بەناوی نوێنەری حوکمداری کوردستانەوە فەرمان بگرێتە دەست، هەتا گەڵاڵەی پیاوێکی تەواوی خۆیان ئەکرد. بەڵام دیارە هەرگیز ئینگلیز ئەمەی نەویستوە و هەر لە ئەساسەوە نیازی نەبووە لە ولایەتی موسڵدا کوردستانێکی سەربەخۆ بهێنێتە کایەوە، ئەگینا بۆچی بە بیانووی بزوتنەوەیەکی شێخ مەحمودەوە ئەم کوردستانەشی تێکدا؟ ئەی بۆچی لە ئەنجامی دامرکاندنەوەی حەرەکەتەکانی مەرحوم بەکر سدقی و رەشید عالی بەرامبەر ئینگلیز پارێزگاری کیان و سەربەخۆیی حوکومەت و دەوڵەتی عێراقی هەر کرد؟ ئەمانە هەمووی بەڵگەن، کە نیازی هەر لە سەرەتاوە خراپ بووە.

ئائەم کردەوە ناڕەوایانەی ئینگلیز بوونە هۆی پەرەسەندنی هەستی دوژمنایەتی لەناو گەلدا و زۆر بوونی ناحەزانی بەرامبەر ئینگلیز، بەرادەیەکی وا، کە زۆر لەوانەی لەوە

پێش لە دەرپەڕاندنی تورکدا چالاکیان نواندبوو، کە بینیان ئینگلیز لەوان باشتر نیە چاوەڕێی پەیدابوونی هەلێکیان ئەکرد، کە ئەم جارە ئینگلیز دەرپەڕێنن، زۆربەی ئاغاکانی پشدەریش لەوانە بوون، کە ئارەزووی دەرپەڕاندنی ئینگلیز لە کەللەیاندا پەنگی خواردبووەوە. بەم جۆرە ئەتوانین باشتر لە بیروڕای ئەم ئاغایانە بگەین.

*　　　*　　　*

پاش ئەوەی، کە لە جەنابی هەباس ئاغا جیابوومەوە، من لە قەڵادزێ مامەوە. لەوێ زوربەی کات لەگەڵ هەندێ لە ئەهالی سلێمانی و بەتایبەتی لەگەڵ حسن ئەفەندی مدیری ماڵدا هەڵ ئەسام و دائەنیشتم و جارەجارەش ئەچوومە لای بابەکری حاکمی شار. رۆژێك حەسەن ئەفەندی تەکلیفی لێکردم، کە قبوڵی وەزیفەی مەئموری تەخمینی گەنم و جۆی قەزای پشدەر بکەم. ئەمە هەلێکی باش بوو، کە بتوانم هەموو ناوچەی پشدەر ببینم، بۆیە قوبوڵم کرد. هەروەها ئەوە بوو بەهۆی ئەوەی زوربەی ئاغاکان بناسم، دووبارە هەباس ئاغام بینیەوە و لەگەڵ ئاغا رۆشنبیرەکانی وەك شێخ ئەمین سندوڵان و بایز ئاغای هەباس ئاغا و سالح ئاغای ئەحمەد ئاغا لە نزیکەوە پێکگەیشتین. لەم کاتەدا حاکمی سیاسی دەربەند، بابەکر ئاغای ئاگادارکرد، چونکە مأموری تەخمین ئیشەکەی باش کردووە پێویستە بنێرێ بۆ شاور لە رانیە بۆ تەخمین کردنی بەروبوومی ئەوێش.

چوومە رانیە و لای فەتاح بەگی شەهید میوان بووم، کە زۆر موعاریزی ئینگلیز و بابەکر ئاغا بوو. ئاگاداری کردم، کە لە کۆیە بەرامبەر دۆست و مەئمورانی ئینگلیز بزوتنەوەیەك هەیە و جامی رسول ئاغا و زان ئاغای شاور موعاریزی حاکمی سیاسی و بابەکر ئاغا وەستاون، هەروەها لە رەواندزیش نیشانەی پەیدابوونی شۆڕش دەرکەوتووە. پاش ئەمە چوومە شاور و لە گوڵان لای حاجی رەسوڵ ئاغای شاور میوان بووم. ناوبراو فەرمووی، تایەر ئەفەندی باوێڵ ئاغا، حەمە شینی سەرچیا و خدر ئاغای کوڕی لەگەڵ شێخانی بجێل و عەشیرەتی سورچی و شێخ کاکە ئەمینی سەلان، هێرشیان بردۆتە سەر رەواندز و گرتوویانە، لە ئەنجامدا حاکمی سیاسی ئینگلیز و ئیسماعیل، بەگ ناچار بوون، کە لە رێگای ناودەشتەوە خۆیان بگەیەننە هەولێر، ئێستا رەواندز بەدەست شۆڕشگێڕەکانەوەیە. هەروەها غەفور خانی ناودەشتیش، کە لە دەست بابەکر ئاغا و

حاکمی سیاسی هەڵاتبوو، گەڕاوەتەوە ڕەواندز. بەم جۆرە شۆڕشگێڕەکان لە جموجۆڵان و هەروەها پەیوەندیان لەگەڵ تورکیشدا هەیە.

لەپاش تەواو بوونی تەخمینەکە، هاتمەوە ڕانیە و ئەو زانیاریانەم عەرزی فەتاح بەگ کرد، پاش ئەوە هاتمەوە سندۆڵان و لەوێ کاك شێخ ئەمینم حاڵی کرد، کە ئەویش ئاگاداری هەباس ئاغا بکات و خۆشم گەڕامەوە قەڵادزێ. لەم کاتەشدا ماجد مستەفا گەیشتبووە قەڵادزێ و لە دەنگوباسی پشدەرو ڕانیە و ڕەواندز ئاگادارم کرد، بڕیارمان هاتە سەر ئەوەی، کە بچم بۆ ڕەواندز بۆ بەستنی پەیوەندی لەگەڵ شۆڕشگێڕەکاندا.

لە قەڵادزێوە چوومە سندۆڵان، هەباس ئاغاش تەشریفی هێنایە ئەوێ و دەربارەی وەزع دواین، پاش ئەمە لەگەڵ پیاوێکی شێخ ئەمیندا، کە حەمیدی ناو بوو بەرەو ڕانیە چووم، بۆ ئەوەی لەکاتی پێویستدا دەنگوباسی پێدا بنێرم.

لە ڕانیەوە شەوێ چوومە لای حاجی ڕەسوڵ ئاغاو لە گوڵانی شاورو لە ڕێگای شاخی سێوکانەوە چوومە دێی سەلان و بۆ سبەینێ گەیشتمە ڕەواندزو چوومە لای غفور خان. تێمگەیاند، کە هەموو لایەك ئامادەن پەیوەندی دۆستایەتی لەگەڵ شۆڕشی ڕەواندزدا ببەستن. پاش کەمێك لەگەڵ غفور خاندا چووینە لای شۆڕشگێڕەکان و لەگەڵیاندا کۆبووینەوە. لەم کۆبوونەوەیەدا باوێڵ ئاغا و نوری کوڕی حمەشینی سەرچیا و خدر ئاغای کوڕی شێخانی بجێل و شێخ کاکە ئەمین و ئەحمەد بەگی بگۆگ و شۆڕشگێڕەکانی تر ئامادە بوون. من بە درێژی باسی وەزعی پشدەر و ڕانیە و بیروڕای ئەهالیم بۆ کردن و ئەوانیش باسی باری ئەو ناوچەیەیان کرد. هەموویان هاتبوونە سەر ئەوەی، کە پێویستە هێزێکی وا هەبێ کورد پشتی پێ ببەستێ، گومانیش نەبوو، کە مەبەستیان لەم هێزە تورك بوو، کە دژی ئینگلیز بشتی پێ ببەستێ و دەریشیان خست، کە لە ئینگلیز تەواو مەئیوس بوون و هیچ هیوایەکیان پێی نەماوە. تێشیان گەیاندم، کە شێخانی بجێل لە عەقرەن و فارس ئاغای ڕێبارو شێخ ئەحمەدی بارزانی لەگەڵ پیاوانی ئینگلیزدا هەرایان بووە و چەند حاکمێکی سیاسیان کوشتوە. ئینگلیزیش پاش ئەمە بە لەشکرێکی گەورەی ئاسوری و بەستوریەوە هێرشی بردۆتە سەریان و لە ئەنجامدا و پاش شەڕێکی خوێنین فارس ئاغا بەخۆی و لەشکریەوە ناچار بوون، کە پەنا بۆ ئیسماعیل ئاغای سمکۆ بەرن، هەروها شێخانی بجێلیش لە ناوچە شاخاویەکانی ڕەواندزدا خۆیان حەشارداوە، هەر لەم کاتەشدا بوو، کە یوسف بەگی برای ئەحمەد بەگی بگۆگ لەلایەن ئینگلیزەوە کوژرا.

ئەمانە هەموو بوونە هۆی ئەوەی، کە لە هەموو لایەکەوە ناڕەزایی پەیدا ببێ و چاوەڕێی هەل بن بۆ ئەوەی پەلاماری رەواندز بدەن. هەر کردەوە ناڕەواکانی ئینگلیزیش بوو، کە هێنابوونیە سەر بڕوایەك، کە بە تێکڕایی هەموویان بڕیاربدەن لەشکری تورك بهێننە رەواندز بۆ رزگاربوون لە دەسەڵاتی ئینگلیز، بەڕادەیەکی وا کەوتبوونە پەیوەندی بەستن لەگەڵ والی واندا و ووتیان، وەڵامی پشتگیریان لێ وەرنەگرتۆتەوە و نامەکەی والیان پیشاندام، کە پڕبوو لە هاندان و پشتگیری.

لێمپرسین، کە بیروڕایان چۆنە دەربارەی یەکخستنی بزوتنەوەکەیان لەگەڵ راپەڕینەکەی ئیسماعیل ئاغای سمکۆ؟ لەگەڵ سمکۆدا نامەیان گۆڕیوەتەوە و لە وەڵامدا وتوویەتی، کە ناتوانێ بەشداری لە راپەڕینەکەی رەواندزدا بکات، دیارە ئێمەش- واتا شۆڕشگێڕەکانی رەواندز- ناتوانین وڵاتی خۆمان بەجێ بهێڵین و بچینە خاکی ئێرانەوە شۆڕش بگێڕین. لەبەر ئەمە بڕیارمانداوە- واتا شۆڕشگێڕەکانی رەواندز بڕیاریانداوە- و وای بەباش ئەزانن، کە هێزی تورك بهێنن بۆ رەواندز، بۆ پارێزگاری خۆمان لە دەست ئینگلیز و ئاسوریەکان[1]

هەواڵنامەی کێبر

کە لێکمدایەوە بیروڕای عەشایرو ئەهالی قەزای پشدەر و رانیەش هەمان شتە، لەبەرئەوە بە داواکاری شۆڕشگێڕەکان رازی بووم، کە بەنوێنەر و بەناوی ئەوانەوە بچمە وان و لەبارەی هێنانی سوپاو هێزی تورکەوە بۆ رەواندز لەگەڵ قەدری بەگی والیدا گفتوگۆ بکەم.

---

[1] زۆر کەس ئەیانەوێ ئەوە بسەپێنن بەسەر ئەحمەدتەقیدا کە گوایا ئەو بوە بەهۆی هێنانی تورکەکان بۆ رەواندز بەڵام وەکو لەم قسانەی سەرەوە دەرئەکەوێ هەروەها لە یاداشتەکانی مامۆستا رەفیق حیلمیش ئاشکرایە کاتێك کە شۆڕشگێڕەکان ئەم باسەیان لەگەڵ ئەحمەد تەقیدا کردوە ئەوان لە دەمێکەوە ئەم بڕیارەیان داوە و بڕاوەتەوە لەبەر ئەوە ئەگەر ئەحمەد تەقیش نەبوایە هەر ئەهێنران

چوونم بۆ وان

بەم جۆرە لە کۆتایی تشرینی یەکەم/ ۱۹۲۰دا بووم بە نوێنەری شۆڕشگێڕانی کوردستانی جنوبی و بەرەو وان لەگەڵ فەتاحی شانەگەردا، کە لەوەپێش رابەر و هێنەری نامەبوو لە نێوان والی و شۆڕشگێڕەکاندا و شارەزایەکی تەواوی رێگاکان بوو، لە رێگای نەهری و شەمدیناوە کەوتینەڕێ، حەمیدی پیاوی شێخ ئەمینی سندۆلانیشم هەر لەگەڵدابوو.

شار لە ئەنجامی شەڕ لەلایەن رووس و ئەرمەنیەکانەوە هەمووی تەفروتوونا و کاول کرابوو، لە هەموو کۆشکە گەورەکانی شاردا تەنها ماڵی شێخ قادر سەید تەها دیوارەکانی بەپێوە مابوو. وەکیلی قایمقام و قوماندانی مەفرەزە بەسەربازەکانیەوە لە یەك خانوودا جێنشین بوو بوون.

شەو لای وەکیلی قایمقام میوان بوون، کە مەحمود فازل ناوێکی خەڵکی عێراق بوو، بێجگە لەوەی، کە وەکیلی قایمقام بوو قوماندانی بلۆکی عەسکەری تورکیش بوو لەنەهری. لەوەپاشیش ئەم زاتە ئیلتیحاقی بە سوپای عێراقەوە کرد و هەتا پلەی زەعیم گەیشتبوو. وابزانم ئێستا موتەقاعیدە.

ئەو شەوەمەحمود فازل تێیگەیاندم، کە پاش سەرکەوتنی لەشکری تورك لە رۆژهەڵات بەسەر ئەرمەنیەکاندا، ئیتر مەجلسی تەئسیسی و هەموو کوردەکانی ژوورو و وولایەتی رۆژهەڵاتی تورکیا لەگەڵ تورك و مستەفا کەمالدا رێکەوتبوون و پەیوەندیان لەگەڵ حوکومەتی خەلیفەدا بڕیوە و وتیشی: قەدری بەگ، کە لە ئەشرافی دیاربەکرە، تازە کراوە بە والی وان، منیش- واتا مەحموود فازل- کراوم بە وەکیلی قایمقام. هەروەها مەحمود فازل وتی، (کە گوایا ئیسماعیل ئاغاش لەجێی خۆیەوە پەیوەندی لەگەڵ تورکدا زۆر باشە و لەگەڵ کازم قەرە پاشا رێکە و بەهەموو جۆرە چەك و جبەخانەیەك یارمەتیان ئەدا.)

ئا ئەمە بوو باری سیاسی ئەو ناوە.

هەواڵنامەی کتێب

بۆ بەیانی لە ڕێگای گەورەوە چووم بۆ چارێ بۆ بینینی جەنابی ئیسماعیل ئاغای سمكۆ. پاش چەند ڕۆژێك گەیشتمە خزمەتی و كەوتینە گفتوگۆ كردن. ئەو مەعلوماتانەی دەربارەی كوردستانی جنوبی ئەمزانی بە جەنابی سمكۆم ووت. بۆم دەركەوت، كە هەستی ئەو لەگەڵ هەست و بیروڕای ئەهالی كوردستانی جنوبی زۆر جیاوازە. فەرمووی: ئێستا ئینگلیز زۆر بەهێزە و بەرەنگاریكردنی لەشكرەكانیان بۆ كورد زۆر گرانە. لەو بڕوایەشدا نیم، كە تورك بە هێزەوە بەشداری بزوتنەوەكەی ڕەواندز بكات. من وای بەباشتر ئەزانم، كە هەوڵ بدەین لە ئێراندا بزووتنەوەكەمان بەهێز بكەین و لێرە بتوانین كورد یەك بخەین و پارێزگاری بكەین. ئەمە بۆ وەزعی ئەمڕۆمان زۆر باشترە.

گومانی تێدا نیە، كە ئیسماعیل ئاغا ئەم بیروڕایەی لەوەوە هاتبوو چونكە خۆی پەیوەندی لەگەڵ توركدا زۆر باش بوو، نەیئەویست ئەوان تووشی هیچ ئەزێتێك بكات، هەروەها بۆ كەڵكی تورك ئەوە باش بوو، كە وەك سمكۆ فەرمووی ئەوە بكرێ، واتا لە ئێراندا ئاژاوە بنرێتەوە و بەهێز بكرێ بۆ ئەوەی بەڵكو تورك بتوانێ خۆی بهاوێژێتە ئەوێشەوە.

عەرزم كرد، كە فكری جەنابیان زۆر مەعقولە، بەڵام بیروڕای شۆڕشگێڕەكان لە ڕەواندز زۆر لەمە جیاوازە و لەگەڵیدا ڕێكناكەوێ، ئەگەرچی لەوانەشە جەنابی هەباس ئاغاو هاوڕێكانی بەمە ڕازی بن، لەبەر ئەمە بڕیارماندا، كە من جارێ لای ئاغا بمێنمەوە و پاش چەند ڕۆژێك هەردووكمان پێكەوە بچینە لای قەرەنی ئاغای مامش و ئاگاداری هەباس ئاغا و هاوڕێكانی بكەین، كە لە دەوری سەردەشت یەكتری ببینین بۆ باسكردنی ئەم مەوزووعە. لەم كاتەدا لە والی وانەوە تەلەگرامێك هات بۆ ئیسماعیل ئاغاكە ئەو شەخسەی لە كوردستانی جنوبیەوە- واتا من- هاتووە تكایە بەزووترین كات بێت بۆ وان. لەبەرئەوە سمكۆ فەرمووی، كە پێویستە بە زووترین كات ئێمە بچین بۆ وان نەك تورك.... [١] لێمان بكەونە شوبهەوە.

---

[١] ئەم ووشەیە وادەرئەكەوێ یەكسەر قسەی سمكۆ بێ. لەبەر نرخی مێژوویی، كە ووتەی ناسراوێكی وەك سمكۆیە بەپێویستم زانی بەبێ هیچ گۆڕینێك بینووسم.

له ڕێگای باش قەڵاوە چووم بۆ وان. لەوێ بەفر هەموو لایەکی داپۆشیبوو. لای مدیری پۆلیس بەناوی والیەوە میوانداریەکی باش کرام. مەحموود جودەتیش لەوێ بوو، کە لە دەست مێجەر سۆن رای کردبوو، پەنای بردبوو بۆ تورکیاو کرابوو بە قوماندانی ژاندرمەی ناوچەی وان. وەزعەکەم لەویش- واتا لە مەحموود جەودەت- گەیاند.

چەند ڕۆژێك لەوێ مامەوە و هەموو ڕۆژێك بۆ ماوەیەکی زۆر لەگەڵ والیدا دەربارەی وەزعی کوردستانی جنوبی و ناردنی مەفرەزەیەکی تورك بۆ ڕەواندز و زۆر شتی تر ئەدواین، یەکێکیش، یەك بەیەك قسەکانی ئەگەیاند بە ئەنقەرە. پاش چەند هەفتەیەك والی ئاگاداریکردم، کە حوکومەتی مەرکەزی بڕیاریداوە مەفرەزەیەك لەژێر سەرکردەیی حی الدین بەگی یوزباشیدا بنێرێ بۆ ڕەواندز، بەڵام لەبەرئەوەی ئێستا زستانە، ڕێگای سەختە، باشتر وایە هەتا بەهار لای من بمێنیتەوە، واتا لای والی، با فەتاحی شانەگەربگەڕێتەوە ڕەواندزو شۆڕشگێڕەکان لەمە دڵنیا بکات، کە بەتەواوی هیوایان بەهێز بێ و چاوەڕوان بکەین.

بەم جۆرە فەتاحی شانەگەرمان ناردەوە، کە بە نامەیەك ئاگاداریان بکات و منیش لەگەڵ حامددا[1] مامەوە.

پاش ماوەیەك والی وتی (وای بەباش ئەزانێ حەمید لەگەڵ قومیسەرێکی خۆیاندا لە سنووری ئێرانەوە بنرێتە لای هەباس ئاغا و هاوڕێکانی و لەمە ئاگاداریان بکات و خەبەرمان بۆ بهێنێتەوە. هەتا ئەوانیش ئەگەڕێنەوە ڕێگاوبان خۆش ئەبێ و ئەوساش بە مەفرەزەکەوە بچین بۆ ڕەواندز.)

من وام بۆ دەرکەوت، کە والی مەبەستی لەوەیە. پیاوێکی خۆی بخاتە تەك حامد، بۆ ئەوەی لەوە دڵنیابێ، ئایا قسەکانی من ڕاستن یان نەء، بێگومان من بەم پێشنیارەی ڕازی بووم. ئەویش ئیسماعیل حەقی، کە قۆمیسەرێکی خەڵکی سلێمانی بوو، بە جلی مولکیەوە ئامادەکرد و لە ڕێگای ئێرانەوە نێرران. پێش ئەمە، من چەند جارێك ویستم

[1] لەوە پێش نووسرا بوو، کە ئەو پیاوەی لەگەڵیدا بوو ناوی حەمید بوو، بەڵام لێرەدا بە حامد ی نووسیوە لەزۆر جێگای تریشدا جارجار حامد و هەندێ جاریشکیش حمید ئەنووسێ، نازانم کامیان ڕاستە.

سەرێکی ئیسماعیل ئاغای سمکۆ بدەم، بەڵام والی ڕێگای نەدام. لەبەرئەوە بە هەڵەم زانی و بەحامددا نامەیەکەم بۆ نارد و لە وەزع ئاگادارم کرد، خۆشم لە وان مامەوە.
پاش ماوەیەك فەتاحی شانەگەر لە ڕەواندزەوە هاتەوە. گەیاندی، کە شۆڕشگێڕەکانی ئەوێ زۆر بەپەلە داوای مەفرەزەکە ئەکەن و لەمە پتر ناتوانن چاوەڕوان بن. زۆری پێ نەچووحەمید و قۆمیسەرەکەش لە پشدەرەوە هاتنەوە. ئەوانیش بەپەلە داوای یارمەتی و مەفرەزەکەیان کردبوو. والی زانی قسەکانم ڕاست بوون و لەخۆمەوە ئەم باسەم نەکردوە، بڕیاریدا مەفرەزەکەی بنێرێ.
لەم کاتەشدا زستان بەسەرچووە و دنیاش خۆش بوو بوو.

هەواڵنامەی کتێب

ڕەواندز و مەفرەزەکەی تورك

بەم جۆرە لە نیسانی/ ١٩٢٢دا[١]، لەگەڵ محێدین بەگی یوزباشیدا حەرەکەتمان کرد. مەفرەزەکە بریتی بوو لە١ تۆپ، ٢ مەترەلۆز و چەند تفەنگ و چەند جبەخانەیەك، ژمارەی سەربازەکانیش پاش ئەوەی بلۆکە عەسکەریەکەی نەهریش ئیلتیحاقی پێوەکردین گەیشتە نزیکی سەد سەرباز وچوار پێنج ئەفسەر.

کەگەیشتینە باش قەڵا من بە هەلمزانی و لامدا بۆ لای ئیسماعیل ئاغای سمکۆ و محێدین بەگیش چوو بۆ نەهری مەرکەزەکەی شەمزینان .

کە ڕووداوەکانم بۆ جەنابی سمکۆ گێڕایەوە، هەرچەندە پێخۆشحالی پیشان نەدا لەگەڵ ئەوەشدا پێناخۆشبوونی دەرنەخست.

لەم کاتەدا فارس ئاغای زێبار، کە لای سمکۆ پەنابەر بوو، بڕیاری دا، کە لە ئەنجامی جووڵانەوەکەی ڕەواندزدا ئەویش بگەڕێتەوە زێبار.

بەم جۆرە لەگەڵ فارس ئاغا و نزیکی ٢٠٠-٣٠٠ چەکداردا بەرەو نەهری ڕۆیشتین و لەگەڵ مەفرەزەکەی محێدین بەگ دا پێکگەیشتین.

محێدین بەگی قوماندان پێی وتم، کە ئەو وای بەباش ئەزانێ من و ئەو و ١٤ سەرباز بچینە ڕەواندز بۆ بینینی ئەهالی و وەزعی ئەوێ ئەگەر زانیمان زروف باشە وا هەموو مەفرەزەکەش ئەبەینە ئەوێ . بێگومان من بەمە ڕازی بووم. فارس ئاغا و سوارەکانی بەرەو بارزان چوون کە لەوێشەوە بچنە زێبار ئێمەش چووین بۆ کانی ڕەش، کە سەعید بەگی سەرۆك هۆزی برادۆست بەمەی زانی، هات بەپیرمانەوە و پاش شەوێك میوانداری،

---

[١] لە بەشی شەشەمی یادداشتەکەی مامۆستا ڕەفیق حیلمیدا،، کە ئەویش لە زمانی ئەحمەد تەقیەوە ئەیگێڕێتەوە [لاپەڕە ١٤/ ٥٤٩] نووسراوە، کە لە مایسی ١٩٢١دا مەفرەزەکە جووڵا.

لەبەرئەوەی ئەحمەد تەقی خۆی لەوەپێش نووسویەتی، کە لە کۆتایی تشرینی یەکەمی ١٩٢٠دا بەرەووان چوە، زیاتر ڕێی تێئەچێ، کە مێژووەکەی ڕەفیق حیلمی ڕاست بێ ولێرەدا ئەحمەد تەقی بەهەڵە ١٩٢٢ی نووسیبێ، هەرچەندە لە مانگەکانیشدا جیاوازی هەر هەیە ج. تەقی

بۆ سبەینێ لەگەڵ ئەو و هەموو هێزەکەی برادۆستدا بەرەو رەواندز کشاین، کە نزیك شار بووینەوە، عەشاماتێکی زۆر هاتن بە پیرمانەوە و پێشوازیەکی باشیان لێکردین.
کە قوماندانی مەفرەزەکە وەزعی بەم جۆرە دی، وتی : (من ئێستا ئەگەڕێمەوە نەهری و لەوێوە داوا لە مەفرەزەکە ئەکەم، کە بێن). کەس بەمە قایل نەبوو، هەموو وتیان نابێ بڕۆنەوە و هەر لێرەوە موخابەرە بکەن، کە موافەقەتی هاتنی مەفرەزەکە وەرگرن. لەدواییدا بڕیاردرا، کە سەربازەکان لە لای نوری باوێڵ ئاغا بمێننەوە و من و قوماندان بچینەوە نەهری و لەوێوە موخابەرە بکات بۆ وەرگرتنی موافەقەتی هاتنی مەفرەزەکە.
ئینجا بزانن، بێمەعنایی و کردەوەی حاکمە سیاسیەکانی ئینگلیز لەگەڵ دۆست و هاوکارەکانی خۆیاندا گەیشتبووە چی رادەیەك، کە وای لەو کوردانەی کوردستانی جنوبی کردبێ بە زۆر وا لە تورك بکەن لەشکری خۆیان بنێرن بۆ یارمەتیدانیان لە دەرپەڕاندنی ئینگلیزدا، بە رادەیەکی وا، کە سەربازەکانی محێدین بەگ وەك بارمتە گل بدەنەوە بۆ ئەوەی ناردنی مەفرەزەکە مسۆگەر بکەن و منیش بکەن بەمباشر، کە هەوڵی ئەوە بدەم مەفرەزەکە زوو بگات. دیارە مەفرەزەیەکی سەد کەسی نرخێکی جەنگی ئەوتۆی نیە و گومانی تێدانیە، کە هەموو زەحمەتی جەنگ و بەخێوکردنی شەڕکەران هەر لە سەر ئەهالیەکە خۆی ئەبێ. ئەمەیان هەر بۆ ئەوە کرد، کە خەڵك بزانن گوایا حوکومەتی تورکیا لە پشتەوەن و بەمە هانیان بدەن و مەعنەویەتیان بەرزبکەنەوە. ئەم کارەساتەش بۆیە بەم جۆرە خولقا، کە حاکمە سیاسیەکان بە یارمەتی چەند کەسێکی خۆپەرست و تەماعکاری وەك بابەکری سەلیم ئاغا و شێخ مەحموودی ولاش و خانمی وەسمان پاشاو هەندێکی تر تەشکیلاتی ئیداری شێخ مەحموودیان لە سلێمانی تێکدابوو، هەروەها لە قەزاکانی موسڵیشدا ئاسوری و نەستوریەکانیان دژی کوردەکان هان ئەدا. هەر ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی دووبارە کورد هەوڵی گەڕانەوەی ئەو تورکانە بدات، کە بەدرێژایی چەند سەد ساڵێك ئەیانچەوساندنەوە و هیچ مافێکیان پێ رەوا نەئەبینین.
هەرچەندە ئەشیانزانی، کە لەژێر سایەی توركدا ناتوانن ئاسوودە بژین، لەگەڵ ئەوەشدا هەر لە ئینگلیزیان پێ باشتر بوو، گومانی تێدانیە، کە هەستی دینی و خەلافەت و کافرێتیش تارادەیەکی زۆر کاری کردبووە سەر خەڵکەکە بۆ جێبەجێکردنی ئەم مەبەستە، واتا بۆ بانگکردن و هێنانی لەشکری تورك بۆ رەواندز.

دوازده سەربازەکەمان لە ژێر سەرکردەیی نوری باوێڵ ئاغادا بەجێهێشت و من لەگەڵ قوماندانداندا بەرەو نەهری ڕۆشتین.

خواهەڵناگریٚ قوماندان ڕاپۆرتێکی چاکی دا بە قوماندانی لەشکری ڕۆژهەڵات، کە بڕیاری ناردنی مەفرەزەکە بۆ ڕەواندز بدات. لەو کاتەدا، کە ئێمە چاوەڕێی وەڵامی داواکردنەکەمان ئەکرد، فەرمانێك هات، کەوا مەفرەزەکەی شەمدنیان دراوە بە قوماندانی لەشکری جزیرە، کە تازە لە دیاربەکر پێکهاتبوو. فەرمان بە محێدین بەگ درا، کە قوماندانیی مەفرەزەکەی بە وەکالەت تەسلیم بە یوزباشی مەحموود فازل بکات و خۆی ئیلتحاق بە لەشکری ڕۆژهەڵاتەوە بکات. بەم جۆرە چوونی مەفرەزەکە بۆ ڕەواندز ڕاوەستا و منیش بە ناچاری لە نەهری مامەوە.

هەموو ڕۆژێك لە ڕەواندزەوە نامە و ڕابەرم بۆ ئەهات، کە بۆچی مەفرەزەکە دواکەوتوە و داوایان لێئەکردم، کە پەلە لە ناردنیدا بکەم.

ئەوسا ناچار بووم بچم بۆ باش قەڵای مەرکەزی لیوا. مەسەلەکەم لە ئیبراهیم بتلیسی موتەسەڕیف گەیاند و کەوتە موخابەرە کردن لەگەڵ ولایەت و مەرکەزدا. پاش چەند ڕۆژێك تێیگەیاندم، کە لەبەرئەوەی لەشکرەکەی جزیرە تازە پێکهاتوە، ماوەیەکی ئەویٚ هەتا بڕیاری ناردنی مەفرەزەکە ئەدەن. لەبەرئەوە پێشنیاریکرد، کە من بە وەکالەتی قایمقام بچمەوە نەهری، بەمە لە ڕەواندزیش نزیك ئەبمەوە، با دوازدە سەربازەکەش لە ڕەواندز بهێننەوە و هەر کاتێك موافەقەت کرا بۆ ناردنی مەفرەزەکە ئەوسا لەگەڵ مەفرەزەکەدا بچین بۆ ڕەواندز. بەم جۆرە من بە وەکیلی قایمقامی شەمدنیان- هاتمەوە نەهری و مەحموود **فازل** یش بە وەکیلی قوماندانی مەفرەزەکە.

لەم کاتەدا هەموو هەفتەیەك دیسان نامە و ڕابەر لە ڕەواندزەوە ئەهات، کە خێرا شتێك بکەین بە شتێك. پاش ماوەیەك بڕیارەکە هات و لەگەڵ مەحمود فازل و مەفرەزەکەدا بەرەو ڕەواندز جووڵاین. هەر لە سنووری کانی ڕەشەوە هەتا ڕەواندز لە لایەن ئەهالیەوە پێشوازیەکی باش کراین و دەستە دەستە ئەهاتن بە پیرمانەوە.

ئا لەم کاتەدا بوو، کە بە هاندانی ئینگلیز، شێخ محەمەدی باڵەك و محەمەد عەلی ئاغای جوندییان لەگەڵ پیاوەکانیاندا لە جوندییان کۆبوونەوە و ئاگاداریان کردین، کە ئەوان بە هاتنی مەفرەزەکە ڕازی نین، بەڵام پاش هاویشتنی یەك گوللە تۆپ، بڵاوەیان لێکرد و ئەوانیش تەسلیم بوون.

کە گەیشتینە ڕەواندز بەپێی دەستووری ئەو کاتەی کەمالیەکان ئەنجوومەنی میللی بەم جۆرەی خوارەوە بۆ ئیدارەکردنی شار دروستکرا:

١- شێخ ڕەقیب - سەرۆکی ئەنجوومەن.
٢- ئەحمەد تەقی - نائبی سەرۆکی ئەنجوومەن.
٣- شێخ ئەمین - ئەندامی ئەنجوومەن.
٤- شێخ جەوادی سەلان - ئەندامی ئەنجوومەن.
٥- غفور خانی سەرچیا — ئەندامی ئەنجوومەن.
٦- خدر ئاغای سەرچیا — ئەندامی ئەنجوومەن.
٧- ئەحمەد بەگی بگۆگ — قائمقامی ڕەواندز.
٨- نوری باوێل ئاغا — قوماندانی ژاندرمە.
٩- شەوکەت ئەفەندی- سەرۆکی شارەوانی.

هەروەها تەشکیلاتی هێزی میللیش ڕێکخرا و چەك و جبەخانەیان بەسەرا دابەشکرا: خواردەمەنی مەفرەزەکەش لەلایەن ئەهالیەوە ئەدرا. ناوی ئەندامانی ئەنجوومەنی میلی و ئەم تەشکیلاتانە پێشکەش بە والی وانیش کرا، تا بڕیاری لە سەر بدەن. ئینجا پێویست بوو پەرە بدرێ بە بزووتنەوەکە.

هەتا ئەو کاتە ئینگلیزەکان بە شەست سواری لیڤی کوردەوە و لە ژێر فەرماندەیی ئەفسەرێکی کوردا ناوچەی حەریر و باتاسیان ئیدارە ئەکرد. بەرێکەوت لەو ڕۆژەدا کوردێکی ناسراو لە لایەن ئەفسەرەکەوە کوژرابوو، بەمە دانیشتوان گەرم بوون و لە ئەنجامدا هێزی میللی ڕەواندز لە ژێر سەرکردەیی شێخ جەواد و خدر ئاغادا دووسەد تفەنگچیان نارده سەر قەڵای باتاس. پاش شەڕێکی کەم پەنجا و نۆ سوار بە چەك و وڵاخەوە بەدیلگیران و تەنها یەکێکیان توانی هەڵێ، هەروەها ئەفسەرەکەشیان گرت. هەرچەندە هەوڵێکی زۆر درا، کە ئەفسەرەکە بپارێزرێ، بەڵام بەداخەوە لەلایەن خوێنگری کوژراوەکەوە کوژرایەوە و سەربازەکانیش چونکە هەموویان کورد بوون بەرەڵاکران و هەرکەسە چووەماڵی خۆی.

لەم هەرایەدا تالآنی و دەغڵ ودانێکی زۆری ئینگلیزەکان دەست هێزی میللی کەوت. بۆ بەیانی لەگەڵ قوماندانی مەفرەزەکەدا چووینە حەریر و شێخ رەقیبی بجێل کرا بە حاکمی ئەوێش.

ئەم سەرکەوتنە کارێکی زۆری کردە سەر دانیشتوانی ئەو ناوچەیە و راپەڕینەکە پەرەی سەند. فارس ئاغای زێبار بۆ پیرۆزبایکردنی ئەم سەرکەوتنە هاتە حەریر. میرانی قادر بەگ، کە لە شەقلاوە حاکمی ئینگلیز بوو، بەدزییەوە پەیوەندیمان هەبوو پاش ئەمە بە ئاشکرا کەوتە یارمەتیدانی هێزی میللی. شێخ ئەحمەدی بارزانیش هاتە رەواندز و بۆ بەڵگەی پشتگیری ئەم جووڵانەوەیە بیست تفەنگچی لە ژێر سەرکردایەتی شەریف دا بەجێهێشت، کە لای هێزی میللی تەمسیلی شێخ بکەن. هەروەها میرانی ئەحمەد بەگی بێتوان، رەشید بەگی کوێری، حاجی رەسوڵ ئاغای شاوڕ و زۆر کەسی تر لە ئاغاواتی ئەو ناوچەیە پشتی بزوتنەوەکەیان گرت و دەسەڵاتی هێزی میللی زیادی کرد.

لەم کاتەدا ماجد مستەفا و خوالێخۆشبوو قالەی ئایشە خان لە رێگای ئێرانەوە هاتنە رەواندز. ماجد بە نهێنی پێی وتم، کە توفیق وەهبی و بسحەل هاتوونەتەوە سلێمانی بۆ ئەوەی لە سەر ئیدارەیەکی کوردی رێکبکەون بە بێ هاتنەوەی شێخ مەحمود، بەڵام لەبەرئەوەی، کە زۆربەی خەڵکی شار داوای گەڕانەوەی شێخ ئەکات جارێ ئەم کارە وەستاوە. منیش عەرزم کرد، کە هاتنەوەی شێخ مەحموود کارێکی زۆر ئەکاتە سەر رای گشتی، بەبیروڕای من، کە ئینگلیز ئەیەوێ دووبارە ئیدارەیەکی کوردی پێکبهێنێتەوە ئەوە هەمووی لە ئەنجامی بزوتنەوەکەی رەواندزدایە، و من بەراستی و بەدڵ لەگەڵ ئەم حەرەکەتەدام و لە گەڵی ئەمێنمەوە، ئێوەش لەگەڵ وەزعی ئەوێ بڕۆن، ئەگەر ئینگلیز بەراستی لەگەڵ کورد هاتنە پێشەوە وا هیچ گومانی تێدانیە، کە هەموو کوردیان لەگەڵ ئەبێ.

پاش ئەمە لەگەڵ ماجد و قالەی ئایشە خان و مەحمود فازل و شێخ کاکە ئەمینی سەلان و بیست سەرباز و ئەفسەرێك و شەریفی نوێنەری شێخ ئەحمەدی بارزان چووین بۆ ماڵی میرانی ئەحمەد بەگ، کە دەعوەتی کردبووین. هەروەها غفور خانیش گەیشتە شاور.

هەر لەم کاتەدا ئەحمەدی ئەفەندی ناوێکی پیاویکاپیتان کۆکی حاکمی دەربەند دەستی کردبوو بە سزادانی ئەهالیەکەی شاور، کەمێکیش لەوە پێش کاپیتان کۆك بە دەستی خۆی و بە شێوەیەکی ناشیرین و بە ئاشکرا لە رانیە فەتاح بەگی کوشتبوو.

ئەمانە هەمووی بوونە هۆی ئەوەی ئاژاوە بکەوێتەوە.
خەڵکەکە هێرشیان بردە سەر ئەحمەد ئەفەندی یەکە و گرتیان و رەوانەی رەواندزیان کرد، لەبەرئەوەی بە پیاوێکی خراپ بەناوبانگ بوو، لە رێگای دوو بەرزانی کوشتیان.
کە گەیشتینە شاور دانیشتوانی ئاکۆی بەردەر هەر لە خۆیانەوە هێرشیان بردە سەر رانیە، ئێمەش بە ناچاری چووینە سەرکەپکانو لەشەڕی رانیەدا بەشداریمانکرد.
حاکمی سیاسی دەربەند و بابەکر ئاغا لە قەڵای رانیەدا سپێریان بەستبوو، بەرگریەکی بەهێزیان ئەکرد، لە هەموو لایەکەوە هێرش برا، بە رادەیەکی وا، کە ماجد مستەفا ئۆتۆماتیکێکی وەرگرت و هەتا سەر قولەی رانیە هێرشی برد، بەڵام ئۆتۆماتیکەکەی پەکی کەوت و بە زەحمەت بۆمان رزگارکرا و هاتەوە لای خۆمان.
لە بەرئەوەی، کە ئێمە لە راستیدا بۆ شەڕی رانیە نەهاتبووین و خۆمان بۆ ئامادە نەکردبوو، بەڵکو شەڕەکە بووبوو بە توشمانەوە، لەبەرئەوەی بەبێ گرتنی دەربەند گرتنی رانیە هیچ کەڵکی نەئەبوو، بۆ ئەوەی تووشی هێرشێکی عەکسی نەبین، ناچار رانیەمان بەجێهێشت و گەڕاینەوە رەواندز.
حاکمی سیاسی و بابەکر ئاغا بەمەوە نەوەستان و هێرشیان بردە سەر ئاکۆ و شاور، بەڵام خەڵکەکە بەرگریەکی باشیان کرد و کشانەوە بۆ شاخەکان، لە ئەنجامدا لەشکری حاکمی سیاسی و بابەکر ئاغا پاش دوو رۆژ بڵاوەیان لێکرد.
بەم جۆرە ناوچەی شاور کەوتە ژێر دەستی ئێمەوە.
ماجد مستەفا و قالەی ئایشە خانیش نامەی تەوصیەیان لێوەرگرتم بۆ والی وان و پاش بینیی گەڕابوونەوە سلێمانی و ئیتر دەنگوباسم لێوەرنەگرتن.
پاش ئەمە محێدین بەگی قوماندان گەڕایەوە رەواندز و مەحموود **فازل** نەقڵ کرایەوە.
هەروەها مەفرەزەکەی رەواندز بە سەد سەرباز و چەند ئەفسەر و تۆپێك و چەك و جبەخانەی تر بەهێزکرا.
هەتا ئەم کاتە ئینگلیزەکان لە چەند فڕۆکەیەك هیچی تریان بەکارنەئەهێنا، بەڵام شێخ رەقیبی حاکمی حەریر ئاگاداریکردین، کە ئینگلیز نیازی وایە لە دوو لاوە پەلامار بدات لە بەر ئەوە پێویستە لەشکرەکەی خەریك بکەین، بۆیە من و محێدین بەگ و چەند سەربازێك لەگەڵ هێزی شێخ کاکە ئەمینی سەڵان و خدر ئاغای سەرچیا چووینە حەریر.

لەوێ بۆمان ئاشکرا بوو، کە ئینگلیز لە عەقرەوە نزیکی چوارسەد سەربازی نەستوری و ئاسوری هێناوەتە سەر زێی بادینان، واتا زێی گەورە، هەروەها نزیکی هەزار و پێنج سەد سەربازی لیڤیشیان گەیاندووەتە شەقلاوە، کە لە هەردوو قۆڵەوە پەلاماری حەریر و باتاس بدەن.

ئێمە بەو هێزەی کە هەمان بوو، حەریر و باتاسمان قایمکردو چاوەڕێی هێرشی ئینگلیزمان دەکرد[1].

لە شەبەقدا هەردوو لەشکرەکەی ئینگلیز دەستیان کرد بە جووڵە، کە گەیشتنە دەشتەکانی حەریر، ئیتر فڕۆکەکانیان بەبێ بڕانەوە لە هەولێر و موسڵەوە بۆ پارێزگاریی هێزەکەیان و بۆ بڵاوەپێکردنی هێزەکەی ئێمە کەوتنە چەرخەکردن.

شەڕ بە تەواوی دەستی پێنەکردبوو، هەتا گەیشتینە بەردەمی باتاس و حەریر، ئەوسا لەشکری ئێمە دەستیکردەوە و تەقەی دەستپێکرد و بەرگری کردن، ئەوانیش بە پارێزگاریی فڕۆکەکانیانەوە کەوتنە پەلاماردانی ئێمە و هەتا نیوەڕۆ شەڕێکی خوێنین دەوامی کرد.

فڕۆکەکانیان زۆر کاریان ئەکردە سەرسەنگەرەکانمان، لەبەرئەوە ناچار باتاسمان بەجێ هێشت و بەرەو حەریر کشاین.

لەم کاتەدا هێزی ئینگلیزی جەبهەی عەقرە باتاسی گرت و لەگەڵ هێزەکەی شەقلاوە یەکیانگرت و پێکەوە بەرەو حەریر کشان.

لەشکری ئێمە بەرگریەکی باشی کرد، بەڵام کە تاریك داهات زیاتر لە نیوەی حەریر کەوتبووە ژێردەستی دوژمنەوە، نیوەکەی تریشی کە پاڵی دابوو بە شاخەکەوە بەدەست ئێمەوە مابووەوە.

---

[1] سەیر ئەوەیە، کە ئەحمەد تەقی هەمان هەڵەی سوپایی دووبارە کردەوە، کە خۆی لە شەڕەکەی دەربەندی بازیان دا ڕەخنەی لە سەرکردایەتی شێخ مەحمود گرت، کە لەوێ چاوڕێ ی هێرشی ئینگلیزی نەکرد و خۆی دەست پێشکەری نەکرد لە هێرش بردندا.

هەرچەندە ناوچەکەی باتاس لە بازیان جیاواز بوو، وە لێرەدا شاخەکانی حەریر هەبووە، کە لە کاتی تەنگانەدا بۆی بکشێنەوە بە پێچەوانەی بازیانەوە، کە شوێنی کەشانەوەی نەبو.

کەشەو داهات و تەقە وەستا کەوتینە تەرتیبات کردن، لە ڕێگای سیپلکەوە لە شەبەقدا بکەوینە گوللەبارانی باتاس و هەر هێزێکمان هەیە لە شاخەکانەوە ئەوانیش هێرشی بەرنەسەر. بەم جۆرە لە بەرەبەیاندا بەپێی ئەو تەگبیرە جوولاین.

ئەو هێزە مەزنەی ئینگلیز سەری لێ شێوا و لە ڕێگای شەقلاوەوە کەوتنە کشانەوە و هەتا نزیکیبالیسیان ڕاومانن.

لەم شەڕەدا لەشکری ئینگلیز زیانێکی زۆری لێکەوت و چەك و جبەخانەیەکی باشمان دەستگیر بوو.

پاش یەك دوو ڕۆژ لەگەڵ مەفرەزەکەدا گەڕاینەوە ڕەواندز وشێخ ڕەقیب لە حەریر مایەوە.

پاش ئەمە دەسەڵاتی هێزی میللی هەتا ئەهات پەرەی ئەسەند و لە هەموو لایەکەوە ئەتەنیەوە.

هەواڵنامەی کتێب

گەڕانەوەی شێخ مەحمود و پەیوەندی لەگەڵ ئۆزدەمیردا

لەو کاتەدا، کە ئێمە خەریکی ئەم شەڕانە بووین حوکومەتی فەرەنسا لە جەبهەی جزیرەدا لەگـەڵ تـورك ڕێکـەوتبوو، ئەدەنـە و **ناوچـەکەی** دەوروپـشتی تەسـلیم تورکیـا کردبـوو، هەروەها یارمەتیەکی زۆری تریشی دابوو.

یـەکێك لـەو ئەفسەرە تورکیانـەی، کـە لـە جەبهـەی عـەینتاب لـە دژی فەرەنـسیەکان ئەجەنگا میر ئالایی (کۆلۆنێل) عەلی شەفیق بەگ بوو کەبە ئۆزدەمیر بە ناوبـانگ بـوو، لە کاتی خۆیدا روتبەی قایمقامی فەخری وەرگرتبوو.

کە شەڕی نێـوانی تـورك و فرەنـسا بڕایـەوە ئـیتر ئـەویش لـەو ناوچانەدا کـاری نـەما و لەبەرئەوە بەخۆی و هێزەکەیەوە، کە زۆربەیان کوردی کەرکوك و هـەولێر بـوون، نێررایـە رەواندز و بوو بە قوماندانی هەموو هێزەکەی ئەوێ و محێدین بەگ نەقلکرا.

ئۆزدەمیر، کـە بـە رەگـەز لـە چەرکەسـەکانی میسر بـوو، پیـاوێکی چـالاك و زیـرەك و خوێندەوارێکی باش بوو، شارەزاییەکی تەواوی لە رەوەشت و خووی کوردەکانـدا هـەبوو، هەروەها لە دەستووری عەشایری چاك ئەزانی.

قـسەخوش و قـسەزان و ووریـا بـوو، زۆر ئـاقڵتر لەگـەڵ سـەرۆك هـۆزە کوردەکانـدا ئەجولایـەوە، بۆیـە بـە پێـچەوانەی حاکمـە ئینگلیزەکـان، هـەموویانی کردبـوو بـە ئەمووستیلە وکردبوونیە پەنجەی خۆی.

ئەو ئاغایانەی، کە لەوەپێش لەگەڵ بابەکر ئاغادا ساردی کـەوتبووە نێویانـەوە زۆربـەیان خۆیان هاتن بۆ بەخێرهاتن کردنی یان بە نامە ناردن دۆستایەتی خۆیان پیشاندا.

زۆری پێنەچوو ئاغاکانی پشدەر و رانیە داوایـانکرد، کـە دەربەنـد بگـرن و بـبڕای بـبڕای حـوکمی ئینگلیـز لـەو ناوچـەیەدا لـە ناوبـەرەن و هێـزی بابـەکر ئاغـا و شـێخانی بجێـل بشکێنن و داواشیانکرد، کە عەقرە بگرن.

هەر لەم کاتەشدا بوو، کە کەریم بەگی هەمەوەند و فەقێ محەمەد و سید محەمەدی جەباری بە خۆیان و دوو سەد سوارەوە لە ڕێگای دەشتی حەریرەوە هاتنە ڕەواندز.
ئەمەش زیاتر بوو بەهۆی ئەوەی، کە زووتر هێرشەکەی دەربەند دەست پێ بکرێ.
پاش دوو ڕۆژ بە دوو قۆڵ، واتا لە ڕێگای شاورەوە بۆ ڕانیە و لە ڕێگای ناودەشتەوە بۆ دەربەند حەرەکەت کرا: من لەگەڵ هەمەوەندەکاندا لە قۆڵی شاور و ئۆزدەمیر لە قۆڵی ناودەشت.
هێزەکەی ئێمە بە ئاسانی چووە شاور و ئاکۆوە، بەڵام هێزەکەی ئۆزدەمیر لەگەڵ هێزی بەهلول ئاغای ئاکۆ، کە مودیری ئینگلیزەکان بوو، تووشی شەڕ بوو.
من لەگەڵ سەد تفەنگچیی شێخی سەڵاندا چووم بۆ یارمەتیدانی ئۆزدەمیر.
دوژمنەکانمان شکاند و ڕزگارمانکرد.
دوای ئەمە لە ڕەواندزەوە هێزی ترمان بۆهات و ئێمەش دەستمان کرد بە جووڵاندن بەرەو شەهیدان، کە دوو سەعات لە دەربەندەوە دوورە و گرتمان.
ئینگلیزەکان ڕانیەشیان چۆڵ کرد و ئێمەی تێچووین.
هێزی هەمەوەندیش بەبێ ڕاوەستان لە ڕێگای سیوکەوە هەتا بازیان چوون.
ئینگلیزەکان هێزێکی زۆریان هێنابووە دەربەند و بڕیاری پاراستنیان دابوو، هەروەها بابەکر ئاغاش لە قەڵادزە خۆی ئامادەکردبوو، کە بپارێزێ.
بەڵام هێزی میللی ئەوەندە زۆر بوو، کە نەیانتوانی بەرگەبگرن.
هەر لە بارزانەوە هەتا سنووری ماوەت شەڕ بوو.
بابەکر ئاغا لە قەڵادزە گەمارۆدرابوو، هێڵی تەلەفونی دەربەند و قەڵادزە لە کارخرابوو، هەرچەند فڕۆکەکانیشیان بەشداری لە شەڕدا ئەکرد، بەڵام کەڵکێکی ئەوتۆی نەبوو.
هەردوو لووتکەکانی شاخی دەربەند لەلایەن هێزی هەباس ئاغا و غفور خانەوە گیرابوون، هێزی ئەهالیش لە شەهیدان خۆیان ئامادەکردبوو، بەرامبەر دەربەند وەستابوون، هەروەها هێزی ئەهالی ڕانیەش لە سەرپێ بوون.
ئینگلیز بە ناچاری بڕیاری چۆڵکردنی دەربەندی دا و کشایەوە.
کە بەرەبەیان هێرشمان بردە سەر دەربەند بەبێ شەڕ گرتمان، چونکە ئینگلیزی تێدا نەمابوو.

هێزی میللی دووی هێزە راکردوەکەی ئینگلیز کەوت و لە قەڵای بۆسکێندا، کە خۆیان مات دابوو شکێنران و بەرەو شاخی دەروبزماری رانیە راونران، تا لەوێ خۆیان بگرنەوە، بەڵام پێش ئەوەی بگەنە ئەوێ سوارەکانی هێزی میللیی رانیە پەلاماری دا و شاخەکەیان گرت.

کە ئینگلیزەکان ویستیان خۆیان بگەیەننە لای گردە بلویر، سوارەکانی پشدەر پێش ئەوان ئەوێشیان گرت.

ئیتر ئینگلیزەکان تەواو شپرزە بوون و لە هیچ لایەکەوە رێگایان نەما.

ناچار بە پەرێشانی خۆیان گەیاندە بیتوێن و هەموو چەك و جبەخانەیان بە جێهێشت و لە ژێر پارێزگاری فرۆکەدا بە هەزار شەڕەشەق خۆیان گەیاندە سەرخومە و چوونە کۆیەوە، بۆ سبەینێ ئەوێشیان بەجێهێشت، پاش ئەمە هێزی ئینگلیز سلێمانیشی چۆڵکرد.

هەر لەم کاتەشدا بوو، کە ئیعلانی گەڕانەوەی شێخ مەحمودیان بۆ سلێمانی کرد!

پاش دوو رۆژ لە کۆیەوە وەفدێك هات بۆلامان و بە زۆر مەفرەزەیەکی چل عەسکەری تورکیان پێ ناردینە ئەوێ.

کە ئینگلیز کۆیەی بوردومان کرد ئەهالیەکەی پەشیمان بوونەوە لەوەی، کە ئەو مەفرەزەیەیان بردە ئەوێ و لەبەر پاراستنی ئەهلی شار کێشامانەوە بۆ خەڕان.

پاش ئەمە وەفدێکی سلێمانی هات، کە هێزێك بنێریتە ئەوێ، بەڵام نەوەك کارەساتەکەی کۆیە دووبارە ببێتەوە و سلێمانیش تووشی بۆردومان کردن ببێ، رەتمان کردەوە و تەنها بەوە رازی بووین، کە هێزێکی پشدەر لەگەڵ چەند عەسکەرێکدا بە مووەقەت بنێرینە قەمچووغە.

پاش ئەمە لە قەزای رانیە و پشدەر تەشکیلات کرا، چونکە بابەکر ئاغا پاش گرتنی دەربەند بێ شەڕ قەڵادزێی بە جێهێشتبوو، دەستەی هەباس ئاغاش ئەوێیان گرتبوو، بایز ئاغا بووبوو بە قایمقامی قەڵادزە و شێخ ئەمینی سندۆڵان بە قایمقامی رانیە.

رەمزی بەگ ناوێك سەرۆکی مەفرەزەیەك و ئاغایەکی پشدەر بوون بە مەئموری دەربەند فوزی بەگی یوزباشی بوو بە قوماندانی رانیە و پشدەر و منیش بووم بە موفەتیشی ئیداری هەردوو قەزاکە، کە مەرکەزەکەیان رانیە بوو.

هەواڵنامەی کتێب

ئۆزدەمیر گەڕایەوە ڕەواندز و هێزی میللیش هەر کەسە بۆ جێگای خۆی بڵاوەی لێکرد و تەنها خۆمان و عەسکەرەکان و غەفور خان لەگەڵ هەندێ پیاوی ڕانیە، غەفور خانی مدیری ناودەشت و قادر ئاغای مستەفا ئاغای پشدەری مودیری مەرگە ماینەوە.
فەعالیەتی ئینگلیزەکانیش تەنها مابووەوە سەر فرۆکەکانیان و هیچی تر.
لەم کاتەدا دووبارە وەفدێکی سلێمانی هات و داوایانکرد، کە بچینە سەر سلێمانی، بەڵام تێمانگەیاندن، کە ئێستا چوونە سلێمانیمان مەعقول نیە و پێویستە چاوڕێی گەڕانەوەی شێخ مەحمود بکەین و باش نیە بزووتنەوەکەمان زۆر پەرە پێ بدەین و بڵاوی بکەینەوە نەك تووشی [**عکس العملیة**] ببین.
بەم جۆرە دووبارە داواکاریەکەی سلێمانیمان ڕەتکردەوە.
دیارە ئینگلیزەکانیش زۆر چاك ئەمەیان ئەزانی و بۆیە لە ترسی ئەوەی، کە نەك ناچار بین سلێمانیش بگرین بە پەلەپڕووزێ شێخ مەحمودیان هێنایەوە و دووبارە بووەوە بە حوکمداری سلێمانی.
کە شێخ گەیشتەوە سلێمانی بۆ ئەوەی پیشانی بدەین، کە هەر لە گەڵیداین، هێزەکەی قەمچووغەمان هێنایەوە ڕانیە، لە پاشدا لەگەڵ هەباس ئاغادا بە نهێنی گفتوگۆیەکمان کرد و من پێشنیارم کرد، کە ئەو بابەکر ئاغا ئاشت بکاتەوە و بەیەکەوە بچنە خزمەت شێخ مەحمود بۆ بەخێرهاتنەوە کردنی.
بەم جۆرە هەر دوو ئاغای کۆنە دوژمن لەگەڵ پیاوانی خۆیاندا چوون بۆ خزمەتی شێخ.
لە گەڕانەوەیاندا هەباس ئاغا هاتە ڕانیە بۆلام و پێیوتم، کە ئەمجارە لە سلێمانی کاپیتان چەکمەنی دیوەو پێیوتوە، کە ئەم کارەساتانەی ڕوویداوە، هەمووی لە چاوی ئینگلیز و کردەوە ناڕەواکانی مێجەر سۆن و حاکمە ئینگلیزەکانەوە بووە.
چەکمەن پێی وتبوو: وا هەموو شتێك بڕاوەتەوە، ئیستا تورکەکان لە ڕەواندز دەرکەن.
هەباس ئاغا وەڵامی دابووەوە: ئێمە خۆمان لە ئەنجامی پیاو خراپی ئێوە لەگەڵ شێخ مەحموددا تورکەکانمان هێناوە، ئێستا چۆن لایان ئەبەین، بەڵام ئەگەر کردەوەکانتان باش بکەن و بەڕاستی ئیدارەی کوردستان بدەنە دەست شێخ مەحمود، وا ئێمەش ئەوسا تورکەکان دەرئەکەین، ئەگینا پەیوەندیان لەگەڵدا بە هێزتر ئەکەین.
پاش ئەمە چەکمەن و هەباس ئاغا ڕێکەوتبوون، کە ئێمە ڕانیە بدەینە دەست ئیدارەی شێخ مەحمود و هەوڵ بدرێ کۆیەشی بخرێتە سەر.

چاوم به فەوزی بەگی قوماندان کەوت و تێمگەیاند، کە ئێستا پاش هاتنەوەی شێخ مەحمود باشتر وایە قەزای پشدەر و رانیە تەسلیم بە ئیدارەی ئەو بکرێ، هەروەها بۆ باری سیاسی و عەسکەریمان قازانجێکی باشی ئەبێ، ئەگەر هەموو مەفرەزەکەی رانیە و دەربەند بگوێزرێتەوە بۆ بێتواتە و قایمقام و هێزی پۆلیسی شێخ مەحمود بهێنینە رانیە، چونکە ئێستا وەزعی مەفرەزەکە لاوازە.

فەوزی بەگی مەفرەزە قوماندانی پێشنیارەکەی بە دڵ بوو، یەکسەر چوو بۆ رەواندز، کە بیروڕای ئۆزدەمیریش تێبگا و رازیی بکات. پاش چەند رۆژێك گەڕایەوە و ئاگاداری کردین، کە ئۆزدەمیر رازی بووە، بەڵام بەو مەرجەی یەکێکی سەر بە ئێمە بکرێ بە قایمقامی رانیە، کە شێخ مەحمودیش متمانەی پێ بکات- بۆ ئەمەش سید عبداللەپێشنیار کرا.

مژدەم دا بە هەباس ئاغا، کە کارەکەمان سەری گرتووە و رانیە چۆڵ ئەکەین و تەسلیمی شێخ مەحمودی ئەکەین، ئەویش بە دڵخۆشیەوە سلێمانی لەمە ئاگادار کرد.

پاش ماوەیەك سید عبداللە بە خۆی و دەسەودایەرەیەوە و بە ئاڵای کوردستانەوە گەیشتە رانیە و بەناوی حوکمداری کوردستانەوە دەستیکرد بە ئیدارەکردنی.

چەند پیاوێکی سەر بە ئینگلیزیشی لەگەڵ نێردرابوو!

زۆری پێنەچوو دووبارە کردەوە نارەواکانی ئینگلیز سەری دەرهێنایەوە.

کە وەفدی شێخ داوای کرد کۆیە بخرێتە ژێر دەسەڵاتی حوکمداری کوردستانەوە- بەپێی رێکەوتنەکەی هەباس ئاغا و چەکمەن- ئینگلیزەکان ئەمەیان رەتکردەوە و دیسان هەوڵیان دا، کە دڵسۆزانی شێخ لە یەك بکەن.

ئیمە لە راستیدا لە سیاسەتدا کۆڵ بووین و تەواو نەبووین، هەروەها جەنابی شێخ مەحموود و دەورو پشتەکەشی.

لە بەرئەوەی لە کردەوەکانی ئینگلیزیش تەواو زویر بووبوو، هەروەها بڕوای پێیان نەمابوو دەستیکرد بە مخابەرەکردن لەگەڵ ئۆزدەمیردا، کە لە سەر ئیدارەیەکی تایبەتی و هاوبەشی رێکەون.

ئۆزدەمیر وەڵامیدایەوە، کە ئەمە لە سەڵاحیەتی ئەودا نیە و پێویستە یەکسەر لەگەڵ ئەنقەرەدا قسەبکات.

شێخ مەحموود نەیتوانی چاوڕێ بکات وداوای لە ئوزدەمیر کرد، کە وەفدێك بنێرێ بۆ سلێمانی بۆ گۆفتوگۆکردن.
ئۆزدەمیر، فەوزی بەگی یوزباشی و رەمزی بەگی کۆنە قایمقام و منی ناردە لای جەنابی شێخ.
راسپاردەی ئۆزدەمیر تەنها ئەوە بوو، کە سەرکردەی هێزەکانی رەواندز هەستی بەرامبەر شێخ مەحموود زۆر باشە و بە هەموو چەشنە ئیدارەیەك رازین، کە لە نێوان کورد و تورکدا پێکبێت، بەڵام ئەم بڕیارە ئەبێ لەلایەن حوکومەتی مەرکەزیەوە بدرێ[1].
هەرچەندە ئێمە بەدزیەوە گەیشتبووینە سلێمانی، بەڵام ئینگلیزەکان بەمەیان زانی، لەگەڵ ئەوەشدا گوێیان لێ خەفاند.
عەرزی شێخم کرد، کە لە پەیوەندی بەستندا لەگەڵ تورکدا نەختێك پەلەیان کردەوە.
بۆم دەرکەوت، کە سمکۆ لەمەدا دەورێکی گەورەی هەبووە و ئەو داوای لە شێخ مەحمود کردبوو، کە زوو داوای وەفدەکەی ئۆزدەمیر بکات.
لە جەناب شێخم گەیاند، کە رێکەوتن لەگەڵ تورکدا بۆ سەربەخویی کوردستان زەحمەتە، بەڵام ئەمە ئەگەر بشکرێ ئەبێ حوکومەتی مەرکەزی بڕیاربدات و ئۆزدەمیر هیچی بە دەست نیە.
لەم کاتەدا، سمکۆ لەگەڵ ئینگلیزدا نارێك بوو، هەروەها لەگەڵ سەید تەهاشدا کەوتبووە شەڕوە و پاش هێرشبردنێکی ناخافلی تورکەکان بۆ سەر بارەگاکەی، خێزانەکەی کوژرا و خەسرەوی کوڕی بەدیل گیرابوو، دە هەزار لیرەیەکی ئاڵتوونیشی لێ زەوت کرابوو، بۆیە ئەیویست لەگەڵ تورکدا رێکبکەوێ.

---

[1] مامۆستا رەفیق حیلمی لە زۆر جێگای یادداشتەکەیدا، بە تایبەتی بەشی ٦ لاپەڕە ٨٤/ ٦١٤دا وای دەرئەخات، کە ئەحمەد تەقی و فەوزی بەگ و رەمزی بەگ بێجگە لەو راسپاردانەی باسکران، ئەو نامەیەی ئۆزدەمیریشیان دابوو بە شێخ مەحمود، کە مەرجەکانی خۆی تێدا دەرخستبوو بۆ یارمەتیدانی کوردەکان، بەڵام ئەحمەد تەقی لە هیچ جێگایەکی یادداشتەکانی خۆیدا ئەم قسانە ناسەلمێنێ. ج. تەقی

کە لە سمکۆم پرسی بۆچی لەگەڵ ئینگلیزدا رێکنەکەوت؟ وتی (ئینگلیز درۆ ئەکات و لەگەڵ کورددا نیەتی باش نیە و هەرچی بەڵێنێکیش بدات هەمووی فڕوفێڵە و بۆ خەڵەتاندنە.

لەبەرئەوە بڕیارمداوە، کە بەقسەی تورك بکەم و بچمەوە سەر سنووری وڵاتی خۆم و چاوەڕێی هەلێك بکەم، بەڵکو خەسرەویشم دەست بکەوێتەوە.)

، کە شێخ لەگەڵ وەفدەکەدا نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێك، بڕیار درا وەفدێك بچێتە ئەنقەرە بۆ ئەم مەبەستە و لەسەر ئیدارەیەکی هاوبەشی کورد و تورك بە سەرۆکایەتی شێخ مەحمود پێکبێن.

بەم جۆرە شێخ مەحموود، فەتاح بەگی ژنبرای و رەفیق حیلمی و منی نارد بۆ ئەم مەبەستە.

چووینە رەواندز و ئەمەمان لە ئۆزدەمیریش گەیاند.

ئەویش بە ناوی مەفرەزەکەوە، فەوزی بەگی یوزباشی لەگەڵدا ناردین. هەروەها من راسپێردرام، کە بێجگە لەمەش لابدەمە مەرکەزی جەبهەی رۆژهەڵات لەسەری قامیش بۆ کارەکەی ئیسماعیل ئاغا و خەسرەوی کوڕی.

لە بەرئەوەی کۆتایی زستان و سەرەتای بەهار بوو، لە شەمدینانەوە رێگا بۆ تورکیا بەسترابوو، بۆیە بڕیارماندا، کە بچینە تەورێز و بە رەزای رووسەکان- کە ئەوسا دۆستی تورکیا بوون- لە باتۆمیەوە بچینە تورکیا.

بەم جۆرە هەموو لە رەواندزەوە و لە رێگای زێنوی شێخەوە حەرەکەتمان کرد.

پاش چەرمەسەرییەکی زۆر گەیشتینە تەورێز و لە قۆنسەڵخانەی تورك دابەزین و پاش چەند هەفتەیەك رێگامان درا بڕۆین.

کە گەیشتینە سنوری تورکیا من و فەوزی بەگ لاماندا بۆقارس و سەری قامیش بۆ بینینی قوماندانی جەبهەی رۆژهەڵات و مەسئەلەکەی سمکۆ و خەسرەوی کوڕی.

رەفیق حیلمی بەگ و فەتاح بەگ چوونە بانومی، کە لەوێشەوە بچنە ئەنقەرە و ئەستەموڵ، کە گەیشتنە سەری قامیش فەریق عەلی سەعید پاشامان بینی، کە وەکیلی **کازم** قەرە پاشا بوو.

بۆ سبەینێ ناردی بەشوێنمدا لە دائیرەی رەسمی خۆیدا و ناردی خەسرەوی ئیسماعیل ئاغایان هێنا.

خەسرەو تەمەنی ١٠- ١٢ ساڵ ئەبوو، دەستێك جلی ئەركانی حەربی لە بەردابوو، هەروەها ئەفسەرێكی بە دواوە بوو.

تەوقەم لە گەڵدا كرد و هەواڵیم پرسی.

خەسرەو بە توركی قسەی ئەكرد.

عەلی سەعید پاشا وتی : (من و خێزانم منداڵمان نیە و خەسرەومان كردوە بە كوڕی خۆمان و ئێستا پێی ئەخوێنم، باشتر وایە لای خۆم بمێنێتەوە.)

منیش عەرزم كرد: (ئیسماعیل ئاغا مەراقی بۆ ئەخوات، باشتر وایە جارێ بینێرنەوە لای باوكی و ئەوسا خۆی بینێرێتەوە لاتان بۆ خوێندن.)

وەڵامی دایەوە: (ئێستا ئیسماعیل ئاغا هاتۆتەوە سەرسنووری ئێمە و رازی بووە، كە بە خۆی و هاوكارەكانیەوە لەوێدا دانیشێ.)

منیش خەریكی تەرتیباتكردنم لەگەڵ مەركەزدا، كە خەسرەوی بدەینەوە، هەروەها پارەكەشی لامان پارێزراوە و ئەیدەینەوە، بەڵام باكەمێك چاوەڕوان بكات.

تكام لێكرد، كە بە هۆی والی وانەوە ئەم بڕیارە بە ئیسماعیل ئاغا بگەیەنێ و سوپاسم كرد.

ئینجا كەوتینە باسی گرنگتر.

هەتا ئەو كاتە حوكومەتی توركیا بە رەسمی ئیعترافی بە هێزەكەی رەواندز نەكردبوو، كە هێزی توركیایە، چونكە ئۆزدەمیر پەیوەندی لەگەڵ حوكومەتی مەركەزیدا باش نەبوو، هەتا ئەو كاتە بە هێزێكی هەرانێرەوە و چەتەگەری تەماشا ئەكرا.

داوام لە عەلی سەعید پاشا كرد، كە بە تەواوی هەڵوێستی خۆیان دەربارەی ئەمە روون بكەنەوە.

فەرمووی، كە لەم دواییەدا حوكومەتی مەركەزی بڕیاری داوە، هێزەكەی رەواندز بە لەشكرێكی رەسمی توركی دابنێ و هەر هێرشێكی بكرێتە سەر بەهێرشی سەر لەشكری توركیا ئیعتبار بكرێ. هەروەها بڕیاریش دراوە، كە لوایەكی سێ تابووری تەواو بە هەموو چەكێكەوە لە قارسەوە بنێرێتە وان، لەوێشەوە بۆ رەواندز و میر ئالایی سلێمان سەبریش كراوە بە قوماندانی هەموو هێزی رەواندز.

هەر كاتێك ئەم لیوایە گەیشتە رەواندز ئەوسا حوكومەتی توركیا بەرەسمی بڵاوی ئەكاتەوە، كە لەشكرەكەی رەواندز لەشكری توركیایە.

بەم جۆرە، کە لەشکری رەواندز بەهێزتر کرا، ئەوسا توانای یارمەتیدانی شێخ مەحموود زیاتر ئەبێ.

لەدواییدا فەرمووی: من شێخ مەحموودم خۆشئەوێ و ئەو شایەعاتەی، کە گوایا لە کارەساتەکەی موسڵدا من دەستم هەبووە هەمووی درۆیە.

بۆ سبەینێ پێکەوە لەگەڵ میر ئالایی سلیمان سەبری چوینە قارس بۆ چاوپێکەوتن و ناردنی لیواکە.

سێ تابوور بە هەموو کەلوپەل و پێویستیەکەوە ئامادەکرابوو بۆ ئەوەی بەرەو وان بجولێن.

دیارە چوونی ئەم لەشکرە بۆ وان لە دە رۆژی زیاتری ئەوێ، چونکە ئەوسا هێشتا رێگای شەمەندەفەر و ئوتوموبیل لە نێوانی قارس و واندا نەبوو.

من هەتا لیواکە گەیشتە وان، لە سەری قامیش مامەوە.

ئەم دەنگوباسە بە ئینگلیزەکان گەیشتبووەوە، بۆیە بەپەلە هێزی خۆیان کۆکردبووەوە و پەلاماری رەواندزیان دا و ئۆزدەمیریان شکاند و بەرەو ئێران تەرەیان کردبوو.

هەروەها بە هاندانی ئینگلیز سید **طة** و هاورێکانیشی هێرشیان بردبووە سەر نەهری و گرتبوویان.

کە هێزی سلێمان سەبری بەگ ئەگاتە گەور و باسی راکردنی ئۆزدەمیر ئەزانێ، ئیدی هێرش ئەباتە سەر سید **طة** و ئەیشکێنێ و شەمدینان ئەگرێتەوە و واز لە چوونە رەواندز ئەهێنێ.

تابوورێك سەرباز لە نەهری بەجێئەهێلێ و خۆی ئەگەرێتەوە.

بەم جۆرە تورکیا بەرەسمی دانپیانانی لەشکری رەواندز بەلەشکری تورکیا دوا ئەخات.

پاش چەند رۆژێك، عەلی سەعید پاشا ئەم هەوالانەی بە خەفەتەوە بۆ گێرامەوە، زۆریش سەرزەنشتی ئۆزدەمیری کرد، کە خۆی نەگرتوە هەتا لەشکرەکەی ئەگاتێ.

پاش ئەمە رازی بوو، کە لە تەرابزوونەوە بچم بۆ ئەنقەرە.

هەواڵنامەی کتێب

چوونم بۆ ئەنقەرە و بیروڕای کوردەکانی ئەوێ

کە گەیشتمە ئەنقەرە، فەتاح بەگ ئاگاداری کردم، کە رەفیق حیلمی بەگ لە رێگای دیاربەکرەوە گەڕاوەتەوە سلێمانی.

بۆ سبەینێ چووم بۆ بینینی حسین بەگی رەوف بەگی سەرەك وەزیران و وەکیلی وەزیری دەرەوە. فەرمووی، کە رفیق حیلمی خۆی پێ نەگیراوە و گەڕاوەتەوە سلێمانی. هەروەها فەرمووشی: (ئیستا عصمت پاشا لە لۆزانە و لە ئەنجومەنی میللەتاندا داوای ولایەتی موسڵ ئەکاتەوە. لەبەرئەوە پێویستە چاوەڕێی ئەنجامی ئەمە بکەن. هەموو رۆژێکیش چاوتان بە محێدین بەگی ئەرکانی حەربم بکەوێ بۆ ئەوەی لەم رووەوە هەواڵت پێ بگەیەنێ.)

بەم جۆرە لە ئەنقەرە مامەوە:

پاش چەند رۆژێك محێدین بەگ ئاگاداری کردم، کە لە یەکێك لە دانیشتنەکانی کۆنگرەی لۆزاندا ئینگلیز دەریخستووە، کە گوایا بە زۆر نەهاتۆتە لیوای موسڵەوە، بەڵکو دانیشتوانی ناوچەکە خۆیان و بەتایبەتی کوردەکان، داوایانکردوە و تورکیان لێ دەرپەڕاندوە، هەروەها ئەو مەزبەتانەشیان پیشانی کونگرە داوە، کە لە کاتی خۆیدا بە خەڵکی سلێمانیان مۆرکردبوو، کە حەز بە حوکمی تورك ناکەن.

بەم جۆرە فرۆفێڵی ئینگلیز ئاشکرابوو، کە ئەوسا ئەم مەزبەتانەیان بۆچی بە خەڵك مۆرئەکرد!

پاش چەند رۆژێك حسین رەئووف بەگ بانگی کردم و وتی ، کە بڕیاریانداوە بە رێگای سیاسی قەزیەی موسڵ حەلبکەن و بۆ ئەمە نائبی موسڵیان بانگکردۆتەوە بۆ ئەنقەرە و داوایان لە سەفیری تورکیا لە تاران کردوە، کە شێخ مەحموود ببینێ و بۆ کردنەوەی مەزبەتە هەوڵ بدەن، هەروەها بۆ هەمان مەبەست لە موسڵ و کەرکوکیش خەڵك راسپێردراوە.

لە دواییدا حسین رەئووف بەگ وتی : (تۆش بچۆرەوە سەری قامیش و لە ئێرانەوە بگەڕێرەوە جنوب و موافەقەت و مەزبەتەیان وەربگرە و وەرەوە بۆنائبی.)

عەرزم کرد، کە بۆچی منیشی لەگەڵ فەتاح بەگدا نەنارد بۆ تاران؟ فەرمووی: فەتاح بەگ بە رەسمی ئەفسەری ئێمەیە، لەبەرئەوە تۆ بەرەسمی ناتوانین بنێرین تەنها بەو شێوەیە ئەتوانین، کە وتم.

بۆ سبەینێ لە گەڵ خوالێخۆشبوو شێخ قادری شێخ نوری بەرزنجیدا، کە بە سەفەر هاتبوو بۆ ئەنقەرە چووینە ئەستەموڵ و لەوێ بە دزییەوە چاوم بە سید محەمەد أفندی کوڕی شێخ قادری نەهری‌کەوت. ئەوان لە هەموو رووبەکەوە زۆر داخ لە دڵ بوون.

سواری پاپۆڕ بووم و هاتمە تەڕابزون و لەوێشەوە بۆ ئەرەزرۆم لەوێ چاوم بە یوزباشی عەلی یاوەری خوشکەزای ئەمین چیتیر کەوت و بەهۆی ئەویشەوە میر ئالاّیی جەنەڕاڵ خالید بەگی جبرانی و یوسف ضیاء بەگ نائبی بتلیس و پێشەواکانی تری کۆمەڵەی کوردم بینی و بەدرێژی باسی وەزعی کوردستانی جنوبی و باری ئینگلیزم عەرزکردن- خالید بەگ فەرمووی: ٠کورد زۆر بەدبەختە، ئێمە لە دەمێکەوەکۆمەڵەمان هەیە و کۆشش ئەکەین بۆ سەر بە خۆیی کورد، و بە تایبەتی لەگەڵ ئینگلیزدا زۆر کارمانکرد و چاوەروانی ئەوەمان ئەکرد، کە پاش سەرکەوتنی حولەفا کوردستانێکی گەورە پێکبهێنین کەچی لەباتی ئەمە دەستیان کرد بە خەڵەتاندن و فێڵبازی لەگەڵماندا، لەباتی کوردستان ئەرمەنستانیان دروستکرد، واتا ئەدەنە ئیدارەیەکی ئەرمەنی و لە یەریڤانیش حوکومەتی ئەرمەنیان پێکهێنا، ولایەتەکانی کوردستانی ژوروو: وان، قارس، بایەزید و ئەرزورۆمیشیان خستە سەر ئەم حوکومەتە. هەروەها لە سلێمانیش ئیدارەی شێخ مەحموودیان تێکدا و تەنها لە دیاربەکر بەپێی چەند مەرجێکی سەخت بڕیاریانداوە ئێدارەیەکی وردی وا دروستبکەن، کە بە ئەرمەنیەکان گەمارۆ درابێ.

ئێنجا چۆن کوردی ولایەتەکانی رۆژهەلات قوبوڵ ئەکەن لە ژێر حوکمی ئەرمەنیدا بژین، کە کۆنە دوژمنایەتیان لە نێواندا هەیە؟.

پاش ئەمە جەنابی خالید بەگ بە درێژی باسی خەڵەتاندن و فڕوفێڵی ئینگلیزی کرد، دەریخست، کە نە ئەوان و نە هاوڕێکانیان ناتوانن بەم وەزعە بێننەوە، لەبەرئەوە داوایان لە ئینگلیز کردبوو، کە هەڵوێستی خۆیان بگۆڕن، بەڵام ئەوان چونکە وایانئەزانی، کە ئیتر کورد هیچی پێناکرێ لەبەرئەوە هیچ گوێیان نەدابوونێ.

بزوتنەوەی مستەفا کەمال

لەم کاتەدا تاقە لەشکری تورك، کە بەچەکەوە مابووەوە، لەشکرەکەی کازم قەرە پاشا بوو، کە ئەویش خەریك بوو چەك دانێ، یان لە راستیدا خەریك بوون چەکی بکەن.

هەرلەم کاتەشدا مستەفا کەمالی موفەتیشی گشتی لەشکر و یاوەری خەلیفەی عوسمانی لە ئەستەمولّ لەگەلّ چەند ئینگلیزێکدا گەیشتنە ئەرەزرۆم بۆ چەککردنی لەشکرەکەی **کازم** قەرە پاشا. لەباتی ئەمە مستەفا کەمال لەگەلّ **کازم** قەرە و تورك پەروەر و عەشایەرەکاندا رێکەوت و ئینگلیزەکانیان گرت.

هەر لەوێش کۆنگرەی ئەرەزرۆمیان گرت. لە یەکەم کۆبوونەوەدا کە کرا، سەد هەزار لیرە کۆکرایەوە بۆ یارمەتی مستەفا کەمال.

عەشایر و کوردەکانی ئەو ناوەش، کە لەم کاتەدا ئامادەبوون لەگەلّ شەیتانیشدا رێکبکەون بەو مەرجەی لە دەست ئینگلیز و ئەرمەنی رزگاریان بێ، بەخۆیان و چەکیانەوە چوونە ناو لەشکری مستەفا کەمالەوە، کە لەم کاتەدا بەتەواوی ئیعلانی شەڕی کردبوو لەگەلّ لەشکری خەلیفەدا، کە بە گوێرەی سیاسەتی ئینگلیز ئەجوولایەوە.

لەشکری مستەفا کەمال هێرشی بردە سەر ئەو لەشکرە ئەرمەنییەی، کە هاتبووە سەر سنوور و خراپ شکاندی و کردنی بە یەریڤاندا.

لە ترسی گرتنی پایتەختەکەیان ئەرمەنیەکان شەڕیان وەستاند و چەکیان تەسلیم لەشکری تورك کرد.

ئەوانیش وازیان لێهێنان، بەو مەرجەی لەگەلّ ئینگلیزدا پەیوەندی نەگرن و لەگەلّ رووسدا ببن بە دۆست، کە مستەفا کەمال خۆشی پەیوەندی لەگەلیاندا باش بوو.

بەم جۆرە چەکێکی زۆر دەست لەشکری تورك کەوت و لە جەبهەی رۆژهەلات دلّنیابوون. بارەگای سوپا گوێزرایەوە بۆ سێواس و لەوێشەوە بۆ ئەنقەرە.

مستەفا کەمال لەسەر ئیدارەیەکی هاوبەشی برایانە لەگەلّ کوردەکاندا رێکەوت، بەم جۆرە (بویوك میللەت مجلسی)، واتا ئەنجوومەنی میللی گەورە دروستبوو، زۆربەی کوردەکان تیایدا بوون بە ئەندام و کۆششی تورك و کورد یەکخرا بۆ سەرکەوتنی ئەم

راپەڕینە و هەموو پەیوەندیەکیان لەگەڵ حوکومەتی ئەستەموڵدا بڕی و پەیوەندی دۆستایەتیان لەگەڵ رووسیادا بەست.

ئینگلیزەکان، کە چاوڕێی ئەم راپەڕینەیان نەئەکرد، حەپەسان و نەیانزانی چی بکەن. لە پاشدا کەوتنە بەکارهێنانی پیلانە پیسەکانی خۆیان و یۆنانیان دژی تورکیا هاندا و لەشکری تورکیا ئیزمیر و گەلێ شوێنی تری گرت لە ئەنادۆڵی رۆژئاوادا.
پاش چەند شەڕێکی خوێنین لەشکری خەلیفە و یۆنان شکا و ئەستەموڵ تەسلیم بە لەشکری میللی کرا.

لێرەدا ئینگلیز کەوتە سیاسەت گۆڕین و سیاسەتێکی دوو قۆڵی گرت:
لە لایەکەوە هەوڵی دا لەگەڵ مستەفا کەمالدا رێکبکەوێ و لە لایەکی تریشەوە تێکۆشا کوردەکان ببزوێنێ بەناوی وەرگرتنی سەربەخۆییەوە و شەریف پاشا لە ئەوروپا ئامادەکرا، کە داوای مافی کورد بکات.
بەڵام چونکە شەریف پاشا بە پیلانی ئینگلیز کەوتبووە جموجۆڵ، کوردەکان پشتگیریان نەکرد، چونکە ئەیانزانی لەبەرئەوەی ئینگلیز لەم کاتەدا خراپ تێیگیراوە، ئەیەوێ کورد بکات بە قۆچی قوربانی و شۆرشێکی پێ هەڵگیرسێنێ بۆ ئەوەی بە بیانووی کوژاندنەوەی شۆڕشی کوردەوە لەگەڵ تورکدا دووبارە رێکبکەونەوە و وەك جاران کورد بفرۆشنەوە.

هەرلەم کاتەشدا خالید بەگ و هاورێکانی لەگەڵ رووسدا پەیوەندیان بەستبوو، داوای یارمەتیان لێکردبوو، لەمەدا ڕای رووس بێ پێچوپەنا بوو کە وتبوویان: نامانەوێ وەکو ئینگلیزەکان هەڵتانفریوێنین و بتانخەڵەتێنین و بڵێین یارمەتیتان ئەدەین. ئێستا ناتوانین هیچتان بۆ بکەین، چۆنکە نامانەوێ تورك زویر بکەین...
بەم جۆرە، بەقسەی خالید بەگ، هەڵوێستی کوردەکانی تورکیا زۆر ناسك و پڕ لە مەترسی بوو.
زۆریشیان هەوڵ ئەدا، کە لەم کاتە ناوەختەدا لەگەڵ تورکدا لێیان نەبێ بەشەڕ.

بەڵام دەریشی خست، کە لەئەنجامی ......[1]تورك و فێڵبازی ئینگلیزدا زەحمەتە بتوانرێ پارێزگاری ئاشتی بکرێ هەتا هەلێکیان دەستگیر ئەبێ.

دوایی خالید بەگ فەرمووی: (ئەم قسانە بۆیە ئەڵێم، کە لەگەڵ ئەم نامە و شفرەیەشدا بەنهێنی بیانگەیەنیتە ئیسماعیل ئاغای سمکۆ. ئەم ئیشەش تەنها بە ئێوە ئەکرێ، چونکە تورکەکان لە ئێوە ئەمینن. هەروەها عەرزی ئیسماعیل ئاغاش بکە، کە لەلای خۆیەوە هاوکاری زیاد بکات، هەروەها هەوڵیش بدات، کە پەیوەندی لەگەڵ رووسدا ببەستێ، بەڵکو یارمەتیەکمان بدەن).

نامە و شفرەکەم لێوەرگرت و پاش خواحافیزی کردن هاتمەوە سەری قامیش و لەوێشەوە بۆ وان، کە بچمە لای ئیسماعیل ئاغا و لەوێشەوە بچمەوە جنوب بۆ وەرگرتنی مەزبەتەی نائیبی.

ئیسماعیل ئاغا لە کۆنە دێیەکی ئەرمەنی باش قەلا لە نزیك سنووری ئێراندا دائەنیشت.

کە چوومە لای، رەشید جەودەتیشی لەلابوو.

هەموو راسپاردەکانی خالید بەگم عەرزکرد و نامە و شفرەکەشم دایە.

ئیسماعیل ئاغا زۆر سوپاسی کردم، هەروەها رەشید جەودەتیش وتی : (جدا کاك ئەحمەد شایانی تەقدیرن)[2].

دواییش ئیسماعیل ئاغا وتی: (کە ئەگەر من رازی ببم وا بە رابەری ئەمنێرێ بۆ ورمێ و منیش بەشانازیەوە قوبوڵم کرد.)

لەپاشدا فەرمووی: (لە تۆ باشتر کەسم دەست ناکەوێ. لەورمێ قۆنسوڵی رووس ببینە و بەناوی منەوە داوای یارمەتی و دۆستایەتی کوردەکانی ئێران و تورکیا و عیراقی لێبکە بۆ چاکەی هەردوولا تێی بگەیەنە، کە من پەیمان و قسەی کوردی هەمولایەکم پێ سپێرراوە و تۆش ئەمەی بۆ روون بکەرەوە. ئەگەر رووسیا ئامادەیە بۆ ئەم یارمەتیە هەتا یادداشت و تەرتیبات لەم بارەیەوە پێکبهێنن و ئەگەر ئەمەش ناکات با هەر هیچ

---

[1] ئەم وشەیە تەعبیری ئەحمەد تەقی خۆیەتی، وابزانم ئەویش یەکسەر تەعبیرەکەی خالد بەگی نووسیوە.

[2] بە پێویستم زانی، کە ئەم رستەیەش بەبێ دەستکاری بهێڵمەوە. ج. تەقی

نەبێ [تەنها شەخسی خۆم حیمایە بکەن]؛ لە خاکی ئێراندا، کە بتوانم لە جێگای خۆمدا پارێزگاری دەسەڵاتی خۆم بکەم، هەتا بزانین پاشەڕۆژ چۆن ئەبێ.)

ئیسماعیل ئاغا نامەیەکیشی دامێ، کە من باوەڕپێکراوی ئەوم و پیاوێکیشی لەگەڵدا ناردم، کە لە ورمێوە وەڵامی پیادا بنێرمەوە. کە گەیشتینە ورمێ، پاش ڕۆژێك بە ئاشکرا چوومە قونسوڵخانەی تورکیا، چونکە پاسپۆرتی تورکیم پێبوو، دوای ئەمەش بەدزییەوە خۆم کرد بە قونسوڵخانەی ڕووسدا. لە موتەرجمی قونسوڵم گەیاند، کە ئازەربایجانی بوو، زمانی تورکی و فارسی ئەزانی، عەرزی بکات پیاوێك لەلایەن ئیسماعیل ئاغاوە ئەیەوێ بیانبینێ.

موتەرجمەکە پاش چەند دەقیقەیەك هاتەوە لام و بەسەر چەند ژوور و ڕاڕەوێکدا بردمیە ژوورێکی گەورەوە دایانام و بەجێیهێشتم.

پاش کەمێك لەگەڵ قونسولدا هاتنەوە لام. قونسوڵ بە گەرمی بەخێرهاتنی کردم و هەواڵی ئیسماعیل ئاغای پرسی. ئەوسا لە هۆی هاتنەکەم و داخوازیەکانی سمکۆی پرسی و منیش دوو ڕاسپاردەکەم پێوتن.

پاش بیرکردنەوەیەکی زۆر وتی: (پێویستە لەگەڵ مۆسکۆدا قسە بکەم، لەبەرئەوە ئەگەر ئەتوانی لێرە بمێنیتەوە پاش یەك هەفتە و هەر لەم کاتەدا وەرەوە بڕیاری مۆسکۆت پێ ئەڵێم).

عەرزم کرد کە هاتنی من بۆ ورمێ هەر لەبەرئەمەیە و چەند پێویست بکات ئەمێنمەوە.

لەکاتی دیاریکراودا چوومەوە خزمەت قونسوڵ. فەرمووی: (مۆسکۆ داوای یەکەمی پێ جێبەجێ ناکرێ. ئێمە چونکە کوردمان خۆش ئەوێ نامانەوی بیان خەڵەتێنین و بڵێین ئەیکەین، لەبەرئەوە ئەم داواکاریە ڕەت ئەکەینەوە. دووریش نیە لە پاشەڕۆژدا هەر ڕێکبکەوین.

بەڵام بۆ داوای دووەم ڕەنگە بتوانین . بائیسماعیل ئاغا لەمەودوا زووزوو پەیوەندیمان لەگەڵدا بکات بۆ ئەوەی ئاگاداری وەزعی بکەم).

لە پاشدا قونسوڵ وتی: (مژدەشت بدەمێ، کە لە ژێر زەختی وڵاتاندا ئینگلیز سلێمانی بەجێهێشتوە و ئێستاشێخ مەحموود حاکمە و لە ژێر دەسەڵاتی کەسدا نیە.

سەلامیشم پێشکەش بە شێخ بکە. ئەگەر پیاویشمان نارده دەوری هەورامان بـۆ بینینـی جەنابی شێخ با یارمەتیان بدات و بیانبینێ).

ئەم زانیاریانەم بە پیاوەکەی ئیسماعیل ئاغادا نارده خزمەتی و خۆم گەڕامەوە و لـە رێگای مامەش و مەنگوڕەوە هاتمە پشدەرو لە وێشەوە گەیشتمەوە سلێمانی.

کە گەیشتمە لای جەنابی شێخ مەحموود، سڵاو و راسپاردەکەی قونسوڵم پێگەیاند.

وادیاربوو، کە رووس هێشتا کەسیان نەناردبوو بۆ خزمەتی، شێخ فەرمووی هـەر کاتێـك پیاویان نارد چییان بوێ ئەیکەم.

لـەم ماوەیـەدا فـەتاح بـەگ گەیـشتبووەوە خزمـەت شـێخ و مەزبەتـەی نـائیبی خـۆی وەرگرتبوو.

منیش عەرزم کرد، کە مەزبەتە بەمنیش بدات، فەرمووی: واباشترە و معقـول تـرە، کـە من لەپشدەر وەریبگرم.

بەم جۆرە چوومەوە لای هەباس ئاغا و کە مەزبەتەکەیان دامێ، لە رێگای شەمدنیانەوە گەڕامەوە وان.

خۆم لە وان مامـەوە و مەزبەتەکـەم پێـشکەش بـە حوکومـەتی مەرکـەزی کـرد و پـاش ماوەیەك موافەقەتی نائیبیم هات، بەڵام درابوومە دەست سلیمان سـەبری بـەگی والی و قوماندانی وان، هەروەك چۆن موافەقەتی نائیبی فەتاح بـەگ و نـازم بـەگ و هەنـدێکی تریش کرابوو، ئەوانیش درابوونە دەست قوماندانێ دیاربەکر.

پاش چەند رۆژێك رەشید جەودەت لە لایەن ئیسماعیل ئاغاوە گەیشتە وان.

پێیوتم: (وەزعی ئیسماعیل ئاغا باش نیە، هەرچەندە خەسرەوی کوڕیان داوەتەوە، بـەڵام پارەکەیان بۆ نەگەڕاندۆتەوە و کوردەکانیش یارمەتی نادەن لەبەرئەوە پێویـستە چـارێکی بۆ بکرێ).

منیش بۆ ئەم مەبەستە چوومە لای سلیمان سـەبری والی و قومانـدان، کـە پیـاوێکی باش بووە بەپێ ی توانا حەزی بە یارمەتیدانی کورد و ئیسماعیل ئاغا ئەکرد بەدرێـژی باسی وەزعی پەرێشانی ئاغام بۆ کرد.

ئەویش وتی : (ئێستا هەلێکی باشە، کـە بتـوانم خزمـەتی ئیـسماعیل ئاغـا بکـەم بـەو مەرجەی بڕوا و متمانەمان پێبکات و گوێڕایەڵمان بێ.)

ئێستا ئاسوری و ئەرمەنیەکان زووزوو پەلاماری سنووری موسوڵمانان ئەدەن، لەبەرئەوە حوکومەتی تورکیا نیازی هەیە بەرەنگارییان بکات.
ئەگەر ئیسماعیل ئاغا نیازی هەیە یارمەتیمان بدات و ببێتە وان، پێشەوازیەکی باشی ئەکەم، چەك و جبەخانەی زۆری ئەدەمێ و هەزار لیرەشی لە پارەکەی ئەدەمەوە، لە کاتی هاتنیشیدا لەسەر گەلێ شتی تر رێکئەکەوین.
دواییش وتی: (ئێستا ئێوە لەگەڵ یوزباشی وەهبی یاوەرم و رەشید جەودەتدا بچن بۆ لای ئاغا و دووسەد لیرەشی بۆبەرە و رازی بکەن بێت بۆ وان و دڵسۆزی پیشان بدات. ئەمە بۆ پاشەرۆژی کورد و ئیسماعیل ئاغاش باشتر ئەبێ. سوێندی شەرەفیشی بۆ ئەخۆم، کە نیازم لە گەڵیدا پاکە).
دووسەد لیرەکەی دامێ و بەرەو لای ئیسماعیل ئاغا جوولاین.
ئەوەی شیاوی باسە، کاتێ، کە مەفرەزەکەی تورك ئیسماعیل ئاغای تالانکردبوو، دەهەزار لیرەی ئاڵتونیشی لێزەوت کردبوو، هەمیشە ئیسماعیل ئاغا داوای ئەکردەوە. ئەم دووسەد لیرەیە ئەو دەهەزار لیرەیە بوو.
کە گەیشتینە لای ئیسماعیل ئاغا بەدورودرێژی باسی وەزعمان کرد، لەدواییدا موافەقەتی کرد، کە بچێت بۆ وان، هەرچەندە دیاریش بوو، کە حەز ناکات، بەڵام چاری ناچار بوو، وتیشی: (من لە داخی ئەم کوردە سەگبابانەیە[1]، کە خۆم ئەخەمە باوەشی تورکەوە. ئەوان ئێستا لەم کوێرە دێیەدا، وەکو قازی کوێر بەجێیان هێشتووم و خۆم تێناگەیەنن و بێکەس کەوتووم).
پاش ئەمە ئێمە گەڕاینەوە وان بۆ ئامادەکردنی تەرتیباتی پێشوازیکردنی ئیسماعیل ئاغا.
پاش یەك- دوو رۆژ ئیسماعیل ئاغا گەیشت و سلێمان سەبری بە تیپێك سەربازەوە چوو بە پیریەوە و بەرێز و ئیحترامێکی زۆرەوە لە کۆشکێکی گەورەدا میوانداری کرد. زۆری پێنەچوو، لە هەموو لایەکەوە کوردەکان هاتنە دەوری و کورنووشیان بۆبرد.

---

[1] زۆر جار چەند وشەیەکی ناشیرین لەم یادداشتەدا بەرچاو ئەکەوێت، کە بە پێویستم زانیوە وەکو خۆی بمێنێتەوە با وشەی سەر کاغەزیش نەبن چونکە بە تەواوی زروف و وەزعی نەفسی قسەکەرەکەی دەرئەخات. ج. تەقی

بەدزییەوە و بە چرپە سمکۆ پێیوتم :(تەماشایان کە! هەتا دوێنێ بوو مەرحەبایان لێ نەئەکردم کەچی ئێستا وەکو گەماڵ لەبەر پێمدا ئەکەون، بەڵام چارم چییە ئەبێ ئیدارەیان لەگەڵدا بکەم).

سلێمان سەبری بەگ تفەنگ و جبەخانە و هەزار لیرەی لە پارەکەی خۆی دایەوە و وتیشی:

(حوکومەتی تورکیا بڕیاریداوە، کە هەزار سەربازی تورك بە جلی مولکییەوە بە هەموو چەك و جبەخانەوە بخاتە ژێر دەستتەوە، هەروەها ڕێگای بە هەموو عەشایرەکانیش داوە، کە لە گەڵتدا بەشداری بکەن).

لە ئێرانەوە بزووتنەوەکە دەستپێبکە و ناوچەی خۆتان بگرنەوە.

ئەحمەد ئاغای برات لە جێی خۆت دابنێ و بەخۆت و هەموو هێزتەوە بچن بۆ جنوب بۆ یارمەتیدانی شێخ مەحموود و هەباس ئاغا و ئەوانی تر.

ئیسماعیل ئاغا، کە ئەم قسانەی بیست، وەکو لە دۆزەخەوە بیبەن بۆ بەهەشت گەش بووەوە.

لە پاشدا والی وتی: (با جارێ ئەم باسە بە نهێنی بمێنێتەوە، ئێوە بگەڕێنەوە جێگای خۆتان و خەریکی تەرتیبات بن).

منیش هەزار سەربازەکە لەگەڵ ئەفسەرەکانیاندا ئەنێرمە باش قەڵا و تەگبیری گۆڕینی جلەکانیان ئەکەم، کە هەموو شتەکان تەواو بوو خۆم لەگەڵ ئەحمەد تەقیدا دێین بۆ باش قەڵا و ئێوەش بانگ ئەکەین.. هەر لەوێشەوە ئەتوانیت جوڵاندنەوەکەت دەستپێبکەی.

ئیسماعیل ئاغا زۆر بە دڵخۆشیەوە گەڕایەوە جێگای خۆی و سلێمان سەبری بەگ دەستی کرد بە خۆئامادەکردن و ڕەوانەکردنی سەربازەکان بۆ باش قەڵا.

زۆری پێنەچوو لەگەڵ سلێمان سەبری بەگدا چووینە باش قەڵا و ئیسماعیل ئاغاش هات.

ئێمە خەریکی دوا تەرتیبات بووین تەلەگرامێك هات، کە سلێمان سەبری بەگ خوێندیەوە ڕەنگی تێکچوو، بانگی کردینە بارەگای خۆی و تەلەگرامەکەی بۆ خوێندینەوە، کە لە لایەن **مصطفی** کەمالەوە نێررابوو!

تیایدا نووسرابوو:

لەبەر وەزعی نێوان وولاتان ناچارین بزووتنەوەکەی ئیسماعیل ئاغا دوابخەین.

سەربازەکان بنێرنەوە وان. زۆر سەلامم بگەینن بە ئیسماعیل ئاغا و ڕێزی بگرن و هەموو هۆیەکی حەسانەوەی بۆ ئامادەبکەن. خوا یاربێ لە پاشەڕۆژدا یارمەتی ئەدەین.
ئیسماعیل ئاغا وەکو مردووی لێهات، بەڵام چاری نەمابوو.
لەوە پێش پێیوتم..تازە هەرگیز هەلی وام دەست ناکەوێت. هەر ئەوەندە بچومایەوە خاکی ئێران و جێگاکانی خۆم بگرتایەوە ئیتر نەئەکەوتمەوە دوای سیاسەتەوە.
ئاشکرایە، کە تورکیا جووڵانەوەکەی سمکۆی بۆ ئەوە ئەویست ئاسووری و نەستوریەکانی پێ تەفروتوونا بکات، کە لە سەر سنووری تورکیا لەگەڵ لەشکری تورکدا و لە جەبهەی جۆلە مێرگ و هۆرەماردا پێکدا هاتبوون و هێرشیان بردبوو.
بەڵام کە لەگەڵ ئینگلیزدا ڕێککەوت لەسەر ئەوەی بەپێی پەیمانی برۆکسل نەخشەی سنوور بکێشن، ئیتر وازی لە ئیسماعیل ئاغا هێنا.
من لە وان مامەوە هەتا **عصبة الامم** بڕیاریدا، کە بۆ مەسەلەی ولایەتی موسڵ دەنگدان لە ناو دانیشتوەکاندا بکرێ.
بەم جۆرە من لەسەر پێشنیاری حوکومەتی مەرکەزی سلیمان سەبری بەگ زانیاری و ئامۆژگاری دامێ، کە بچمەوە لای هەباس ئاغا و دۆستانی، بۆ ئەوەی لە کاتی هاتنی لیژنەی دەنگ کۆکردنەوە بۆ ناویان دەنگ بۆ تورکیا بدەن. ئەوەی شیاوی باسە فەتاح بەگ و **ناظم** بەگیشیان لەگەڵ ئەم لیژنەیەدا ناردبوو.
چونکە زستانەکەی سەخت بوو، ڕێگا گیرابوو ناچار بە ڕێگای ساباڵغ و سەقز و بانەدا، پاش زەحمەتێکی زۆر گەیشتمەوە پشدەر.
لەم کاتەدا لیژنەی دەنگ کۆکردنەوە، کە هەر شارەکان گەڕابوو، زیاتر لەگەڵ ئینگلیز- دۆستەکاندا دوابوو، گەڕابووەوە.
منیش بە نامەیەك ئاگاداری سلێمان صبریم کرد، کە لیژنەکە نەهاتۆتە لای دانیشتوانی پشدەر و شارباژێر. هەروەها ئاگادارم کرد، کە زۆربەی دانیشتوانی ئەم ناوچانە ئارەزووی سەربەخۆیی ئەکەن. تێشمگەیاند، کە وەك من بزانم **عصبة الامم** بڕیار لە سەر ئەو شتە ئەدات، کە بەدڵی ئینگلیز خۆی بێ.
پاش ئەمە لای هەباس ئاغا مامەوە و چاوەڕێی ئەنجامم ئەکرد.
زۆری پێنەچوو دووبارە پەیوەندی تورك و کورد تێکچوەوە و شەڕ لە ناویاندا بەسەرۆکایەتی شێخ سەعید دەستی پێکرد.

لەم شەڕەی نێوان کورد و تورکدا دووبارە ئینگلیز بە[دوو سەرە] لەگەڵ هەردووکیاندا ئەرۆشت و لە ئەنجامدا لە سەر ولایەتی موسڵ لەگەڵ تورکدا ڕێکەوتن و کوردەکانی بەرەڵا کرد.

لەم کاتەدا لە سلێمان سەبری بەگی والی و قوماندانی وانەوە نامەیەکم وەرگرت، کە تیایدا نووسرابوو: بەداخەوە حوکومەتی تورکیا ناچارە ئێستا واز لە ولایەتی موسڵ بهێنێ.

: هاورێکانی تۆ، مەبەستم لەوانەن، کە بوون بە نائب، هەریەکەیان لە ئەدەنە، ئەزمیر، یان لە ئەستەموڵ لە ئەموالی بەجێماوی ئەرمەنیەکان خانوویەکی ئەدرێتێ و بەپێی توانای خۆشیان وەزیفەیان ئەدرێتێ، ئەمە تۆش ئەگرێتەوە، ئەگەر ئارەزووی هاتنەوەت هەیە بۆ تورکیا وابەمە پێخۆشحاڵ ئەبین، ئەگەر نیازی هاتنەوەشت نیە ئارەزووی خۆتە.

من لێکمدایەوە، چۆن بتوانم لە کاتێکدا، کە تورك بەم جۆرە خوێنی کورد ئەرێژێ من یارمەتی خانوو و مووچە لە دوژمنی نەتەوەکەم وەربگرم.

کە لەگەڵ هەباس ئاغادا لەم بارەیەوە دواین، ئەویش هەمان ڕای هەبوو. بەم جۆرە بڕیاری نەچوونەوەم دا. هەباس ئاغاش بە هۆی **ئەحمەد عثمان**ی هەولێرەوە لەگەڵ ئینگلیزدا ڕێکەوت لەسەر ئەو مەرجەی، کە بە یەك چاو لەگەڵ بابەکر ئاغادا لە تەشکیلاتی ئیداری پشدەردا تەماشا بکرێ.

پشدەر ماوەیەك بەبێ تەشکیلات مایەوە، هەتا وەزارەتی جەمیل مەدفەعی لە ساڵی ١٩٣٣دا دامەزرا، ئەوسا تەشکیلاتی ئیداری تێداکرا و منیش گەڕامەوە سلێمانی.

کۆتایی

[خوێندەواری بەرێز: بۆ ئەوەی شێوەی نووسینی ئەحمەد تەقی خۆی شارەزا بیت، وا ئەم چەند لا پەڕەی دواییە وەکو چۆن خۆی نووسیویەتەوە بە بێ دەستکاری کردن وگۆرینی ووشە و ئیملاکانی ئەخەمە پێش چاو]. ج. تەقی

أمجا بەپی ئەم یادداشتە، کە بە صورتیکی مختصر نووسراوە و هموی حقیقتە معلوم ئەبی، کە ئینگلیز هیچ وەقتی بەراستی استقلالیتی کورد و کوردستانی نەویستووە و پاش تەواو بوونی حربی اولی عالمی، بە موفقتی خولفا، بەرغمی ئەوەی وعد ووعیدی قطعی هەبوو لەگەل زوعمەما و کومەلی کوردەکانی شمال، بوچی بە معاهدەی سەوەر لەجیاتی کوردستان ئەرمنستانی هینایە وجود و ادارە و تشکیلاتی کوردستانی جنوبی، کە لە ریاستی شێخ مەحموددا پێك هاتبو، بۆ چی بە قووت و مداخلەی نفسی خۆیان تێك یان دا و ئەگر شێخ مەحموود باش نەبوو و قابلیتی ئەم ریاستەی نەبوو و پاش أسیری و نفی کردنی، بۆچی تشکیلاتی قەومی کەیان تێك دا و راستە و راست لە طرف حاکمی سیاسی میجر سونەوە بە صورتێکی ظالمانە و استبدادانە ادارە و استعمار کرا، خۆ ئەو وقتە هیچ مانعی سیاسی و دولی نەبوو بەرامبر ئینگلیز و هەر خۆی حساب بولە دونیادا و لە پاشان ئەهالی کوردستانی جنوبی، لەدەست ظلم و تجاوزی حاکمە سیاسی کانی ئینگلیز و بی معنایی و تجاوزی اشوری و نسطوریکانی مخلص یاتن، کە خریك بوون ئە[ئەقلیتە] کومە بکەن بە جێ نشینی کوردەکانی جنوب و بەعمومی هاتنە حرکت و ئەورە بەرامبر ادارەی ئینگلیز و قووەتی تورك یان هێنایە رەواندز امجا، کە مجبور بوو بە اعادەی نظر و شێخ مەحموودی لە اسارت هێنایەوە سلێمانی کەچی دیسانەوە هیچ شتێکی وهای نەکرد، کە جێگای اعتماد بێ بۆ شێخ مەحموود و کوردەکان و تنها هەولی ئەوەی ئەدا، کە کوردەکانی جنوب بکات بەگژ تورکەکاندا بەبێ ئەوەی سیاست و معاملەیەکی راست بکات لەگەل کوردەکان و ئەورەی مرحوم شێخ سەعیدی کردستانی شمالی و شەر و کوشتنی کورد و تورکی بەفرصت زانی و بەسری لە گەل~ تورکەکان رێك کەوت و رێگا و فرصتی بۆ تورکەکان تأمین کرد، کە لەشکری تورك لەاستانبول بتوانی بەزویی بیێتە سەر کوردەکانی دیاربکر و موفق بێ بەسەریانا و لە جێگای ئەوەی یارمەتی کوردەکان بدات و لەسەر ولایتی موصل لەگەڵ تورکەکان

ڕێك كەوت و همو ملتی كوردەكانی **شمال مجبور** كرد، كە بچنەوە باوەش توركی دوشمنی خوێنین یان و سید **طةی مخلص** و فداكاری خۆشی لەبەر ارزوی توركەكان **مجبور** كرد، كە لە رواندیز نەمینێ و التجای كرد بە حكومی ایران و **محو** گرایەوە و لەگەل **وقایعی**شەشی أیلول و بزوتنەوە زمانی متصرفتی میرلوا بهاء الدین نوری و سائرە، كە همموی **اثباتی** ئەوە ئەكات، كە هیچ وەقتی ئینگلیز بۆ استقلالیتی كورد و كوردستان بەراستی نەجولاوەتەوە و هەرچی كردووە بۆ پێش كەوتنی سیاست و **مصلحت** خۆی و بە صورتێكی وقتی بووە و نووسینەكانی[مسز بیل][1] و میجر ئەدمونس، كە شاهدی ئەم حالە بوون **اثباتی** ئەم نووسینە ئەكات و لە **خوطبة** و قصە كردنێكی شهید و زعیمی كورد قاچی **محەمەد** لە مهاباد هاواری كردبوو لە دەست ئینگلیز و فرموبوی **ایمە** لەم گۆشەی كوردستانەدا هێلانەیەكمان بۆ خۆمان پێكهێناوەكە چی ئینگلیز بەهمو قووت وسیاست یانەوە خەریكن ئەم هێلانەمان بروخێنن و لێمان تێك بدەن **والحاصل** معلومی همو كەسە **نفوذی** حاكمە زۆر **تأثیری**

هەیە بۆگۆرینی حەق و **حقیقت** لەناو **مجتمع** دا لەگەڵ ئەمشا، كە خۆی مسئولی ئەم همو بەربەرەكانی و تاریكی و بێ بەشی ئەم قەومە كوردە بووە كەچی بەدعایەی خۆیان و بە **تأثیری** پروپاغندەی **بعض** لەهام پاكانی و اغفال كراوە و هموشتێكی تێك داوە و یاخۆد كورد لەگەڵ تورك **رابطةی** هەبووە بەم نوعە مسوولیتی هەمو شتێك كەوتۆتە سەرشانی كوردەكان، كە یەكتری پی وە اتهام بكەن حقبقت یان لێ وون بێ و هەر لە تفرقە و بێ باوەری دا بمێنن بەرامبر بە یەكتری.

---

[1] دیارە مەبەستی لە مس بێڵە، نەك مسز بێڵ ج. ت

Abstract

This book was published in 1970 for the first time.It concentrates on the memories of a person who witnessed the events that toke place in southern Kurdistan after the 1st World War and the struggle of Kurdish people to obtain their rights.

The writer and the historian Mr. Rafiq Hilmi had asked the writer of these memories in the mid fifteeth of the 20th century to register his memories,so that he highlighted most of the daily events of the revolution of Sheikh Mahmood Hafeed and Ismaeel Khan Shkak(Simko)and Rawandooz city uprising,then the role of some European States likeGreat Britan and Russia in these events.

The importance of these memories lies in that the writer himself had participated in the events, and he lived with the Kurdish tribs that participated in the Rawandooz movement,and he had direct contacts with Sheikh Mahmood,Simko and Shamdinan&the Badrkhans dynasties.

Also he had good contacts with the Turks, Russian and British officials,who had a great role in the running of the events in the region,and he also ststed all their idias and thinkings about these events.